# گوتاری ڕۆشنبیریی دەستەبژێر (ئینتێلجنسیا) بە نموونەی ڕۆمانی «میرنامە»ی جان دۆست

## (توێژینەوەیەکی سۆسیۆبنیادییە)

پ.ی.د.محەمەد ئەحمەد حەسەن

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە-شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەددین
Mohammed.hasan@su.edu.krd

**پوختە:**
ڕۆمانی کوردی بۆ وێناکردنی خەم و ئاریشەکانی تاکی کورد گەیشتووەتە ئاستێکی باش، ئەمەیش بەڵگەیە لەسەر پێوەندیی ڕۆمان بە ژیان و گرفتەکانی تاکی کورد بە ڕەهەندە جیاوازەکانییەوە (کۆمەڵایەتی، مێژوویی، سیاسی و ڕۆشنبیریی). ڕۆشنبیر وەکوو تاکێکی ناو کۆمەڵ ناتوانێت خۆی لە کۆمەڵ دابڕێت. لێرەوە لە ڕێی ئەم توێژینەوەیە دەمانەوێت وەڵامی پرسیارگەلی وەکوو: ڕۆڵی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵدا چییە؟ کۆمەڵ پێویستی بە ڕۆشنبیری ئاسایی یان دەستەبژێر هەیە؟ ڕۆمانی «میرنامە» بە شێوەکی ڕوون کار لەبارەی ڕۆڵی ڕۆشنبیری دەستەبژێر دەکات، ڕەهەند و گوتارەکانی دەردەخات. ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێک هاتووە. بەشی یەکەم بەشێکی تیۆرییە و هەوڵێکە بۆ توێژینەوە لە چەمکی ڕۆشنبیریی دەستەبژێر (ئینتێلجێنسیا) و مێژووی ڕۆشنبیری کوردی. هەرچی بەشی دووەمە، بەشێکی پراکتیکییە، توێژینەوەیە لە چەمکەکانی دەسەڵات، ئازادی و عەقڵانییەت و پێوەندی ڕۆشنبیریی دەستەبژێر بەو چەمکانەوە و چۆنیەتیی مەزراندن و ڕەنگدانەوەی لە ڕۆمانی میرنامەدا. لە کۆتاییدا ئەنجامی توێژینەوەکەمان لە چەند خاڵێک دیاری کردووە و لیستی سەرچاوەکانی توێژینەوەکەمان خستووەتە ڕوو.

کلیلەوشە: گوتار، ڕۆشنبیر، ڕۆشنبیریی دەستەبژێر، ئازادی، عەقڵانییەت

پێشەکی

پێشـکەوتن و زیندووبوونـی هـەر کۆمەڵێـک پێوەندیـی ڕاستەوخۆی بـە ڕۆڵـی ڕۆشـنبیرەکانییەوە هەیـە. ڕۆشـنبیرەکان وەکـوو ویژدانـی هـەر کۆمەڵێـک دەردەکـەون، چالاکیـی ئـەوان واتـای بوونـی ئـازادی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و کولتوورییـە. بۆیەیـش لـە زۆربـەی وڵاتـە دیکتاتـۆرەکان ڕۆشـنبیرانی دەسـتەبژێر تووشـی چەنـدان ئاریشـەی چەپانـدن و سـەرکوتکردن دەبـن.

ناونیشانی توێژینەوە

ئـەم توێژینەوەیـەی ئێمـە بـە نـاوی (گوتـاری ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێر بـە نموونـەی ڕۆمانـی «میرنامـە»ی جـان دۆسـت) هەوڵێکـە بـۆ توێژینـەوە لـە گوتـار و پێگـەی ئـەو ڕۆشـنبیرانەی وەکـوو چاودێرێـک بەسـەر دەسـەڵات دەردەکـەون. ئـەو ڕۆشـنبیرانە ئێمـە بـە ڕۆشـنبیرانی دەسـتەبژێر ناومـان هێنـاون، ئەمانـە پرسـیاری جددیـان لـە ڕووە کۆمەلایەتـی و سیاسـی و کولتوورییەکـەوە هەیـە.

پرسیاری توێژینەوە

لێـرەوە لـە ڕێـی ئـەم توێژینـەوە دەمانـەوێ وەڵامـی پرسـیارگەلی وەکـوو: ڕۆڵـی ڕۆشـنبیر لـە کۆمەڵـدا چییـە؟ کۆمـەڵ پێویسـتی بـە ڕۆشـنبیری ئاسـایی یـان دەسـتەبژێر هەیـە؟ ڕۆمانـی «میرنامـە» بـە شـێوەکی ڕوون کار لەبـارەی ڕۆڵـی ڕۆشـنبیری دەسـتەبژیر دەکات، ڕەهەنـد و گوتارەکانـی دەردەخـات.

گرفتەکانی توێژینەوە

ئـەم توێژینەوەیـە هـەوڵ دەدات، گرفتـی چەمکـی ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێر لـە کۆمەڵـی کوردیـدا بکۆڵێتـەوە، هـاوکات کار لەبـارەی شوناسـی ئـەم ڕۆشـنبیرانە بـکات، کاریگـەری و گوتاریـان دەربخـات.

مێتۆدی توێژینەوە

توێژینەوەکەمـان سـوود لـە مێتـۆدی سۆسـیۆبنیادی وەردەگرێـت، دەتوانیـن بـە بونیادگەرایـی کۆمەڵایەتیـش نـاوی ببەیـن. بـە گوێـرەی ئـەم مێتـۆدە مەعریفـە لەسـەر بنەمـای کۆمەڵایەتـی بنیـاد دەنرێـت، واتـە لەگـەڵ ژینگـەی کۆمەڵایەتـی کارلێـک دەکات. مێتۆدێکـە کار لەبـارەی بنیاتنانـی مەعریفـە دەکات لـە بەشـەوە بـۆ گشـت.

پێکهاتەی توێژینەوە

توێژینەوەکەمـان لـە دوو بەشـی سـەرەکی پێـک هاتـووە. بەشـی یەکـەم، کـە بەشـێکی تیۆرییـە و لـە دوو پـار پێـک هاتـووە. لـە پـاری یەکەمـەدا لـە زاراوە و چەمکـی ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێر (ئینتێلجێنسـیا)مان کۆڵیوەتـەوە. هەرچـی پـاری دووەمـە توێژینەوەیـە لـە مێـژووی ڕۆشـنبیری کـورد بـە گشـتی و ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێر بەتایبەتـی، لـە ڕووی سۆسـیۆلۆجییەوە ڕەهەنـد و گوتـاری ڕۆشـنبیری کوردیـمان خسـتووەتە ڕوو. هەرچـی بەشـی دووەمـە، کـە بەشـێکی پراکتیکییـە و نموونەکانمـان لەنـاو ڕۆمانـی «میرنامـە» هەڵێنجـاوە لـە ڕەهەنـد و گوتـاری ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێرمان لـەو ڕۆمانـە کۆڵیوەتـەوە. لـە سـێ پـار پێـک هاتـووە. لـە پـاری یەکـەم، لـە پێوەنـدی نێـوان ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێر و دەسـەڵاتمان کۆڵیوەتـەوە، کـە چـۆن ئـەم جـۆرەی ڕۆشـنبیر چاودێـرە و لـە پیرۆزییەکانـی دەسـەڵات دەدات. لـە پـاری دووەم، لـە پێوەنـدی نێـوان ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێر و ئازادیـمان کۆڵیوەتـەوە، کـە پێوەندییەکـی لێکدانەبڕاویـان هەیـە. لـە پـاری سـێیەمیش لـە پێوەنـدی عەقڵانییـەت و ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێرمان کۆڵیوەتـەوە. لـە کۆتاییـدا ئەنجامـی توێژینەوەکەمـان لـە چەنـد خاڵێـک دیـاری کـردووە.

بەشـی یەکـەم: چوارچێوەیـەک بـۆ ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێر (ئینتێلجێنسـیا)

١. زاراوە و چەمکی ئینتێلجێنسیا

پرسـیاری ڕۆشـنبیر کێیـە؟ پرسـیارێکە بـەردەوام بـەری دەکەویـن، پرسـیارێکە لـە هەمـوو سـەردەمێک خـۆی دووبـارە دەکاتـەوە. چونکـە بـەردەوام خـۆی نـوێ دەکاتـەوە و دەیـەوێ ڕاڤەیەکـی تـازەی بـۆ بکەیـن. بەتایبـەت لەنـاو میللەتانـی جیهانـی سـێیەم. ئـەم پرسـیارە هێنـدە ئاڵـۆز و جێـی مشـتومڕە ناتوانیـن بـە شـێوەیەکی ڕەهـا بڵێیـن: ڕۆشـنبیر، ئەمەیـە، چونکـە خـودی ئـەم چەمکـە فرەڕەهەنـد و فرەگۆشـەنیگایە، دەبێـت لـە ڕەهەنـدی جیـاوازەوە ڕاڤـەی بکەیـن. تیۆریزانمـان هەیـە لـە ڕوانگەیەکـی سۆسـیۆلۆجییەوە ڕۆشـنبیر پێناسـە دەکات. هەمانـە ڕەهەندێکـی سیاسـی بـەم چەمکـە دەبەخشـێت وەکـوو پێناسـەکەی «گرامشـی»، بـە بـڕوای ئـەو

هەمـــوو گـــرووپ و چینێـــک ڕۆشـــنبیری تایبـــەت بـــە خـــۆی بەرهـــەم دەهێنێـــت. بـــەڵام وەکـــوو مێـــژوو چەمکـــی ڕۆشـــنبیر، ســـەرەتا ڕەهەندێکـــی سیاســـی هەبـــووە. داهێنـــەری چەمکـــی ڕۆشـــنبیر بـــۆ ((دریفـــۆس دەگەڕێتـــەوە، تەنانـــەت زۆربـــەی توێـــژەران پێداگـــرن لەســـەر پەیدابوونـــی چەمکـــی ڕۆشـــنبیر لـــە فەرەنسـای نـوێ. دریفـۆس خـۆی جـوو بـوو، ئـەو زیندانـی کـرا بەبـێ بەڵگـە.)) [الشـیخ: ١٩٩١: ١٥] بـەڵام ئـەوەی ئێمـە پـتر مەبەسـتمانە توێژینەوەیـە لـە چەمکـی ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێر (ئینتێلجێنسـیا)، مەبەسـت لـە دەسـتەبژێر ئەوەیـە ناکەونـە نـاو ئـەو چەمکـە گشـتیەی بـۆ ڕۆشـنبیر هەیـە.

چەمکـــی ئینتێلجێنســـیا، لـــە توێژینـــەوە ڕۆشـــنبیرییەکاندا لـــە ڕەهەنـــدە مەعریفەییەکەیـــەوە ململانێـــی فیکـــری زۆری لەبـــارەوە کـــراوە. بـــەڵام زۆربەیـــان بـــەو چیـــن و دەســـتەیە لـــە ڕۆشـــنبیران دەڵێـــن بـــەردەوام پرســـیار لەبـــارەی کـــۆی کایەکانـی کۆمـەڵ و دەسـەڵات دەوروژێنـن. واتـە ڕۆشـنبیرانی پێشـڕەو دەگرێتـەوە. لـە بنەڕەتـدا زاراوەکـە (Intelligentsia)، زاراوەیەکـی ڕووسـیە و ڕیشـەی بـۆ یۆنانـی کـۆن دەگەڕێتـەوە، ئەویـش بـۆ ((زاراوەی Inteligencjaی یۆنانـی، کـە بـە واتـای سـافکردن و پەرداخکـردن و پۆلیشـکردن دێـت، دەگەڕێتـەوە.)) [ الخلیـل: ٢٠١٦: ٤٠] لـە ڕووی چەمکـەوە پێناسـەگەلی فـرە و جیاوازمـان هـەن. لـە پێناسـە گشـتییەکەیدا بـەو کۆمەڵـە خەڵکـە دەگوترێـت خەریکـی تێـز و کاری فیکریـن بـە مەبەسـتی بڵاوکردنـەوەی ڕۆشـنبیریی. لـەم پێناسـەیەوە دەتوانیـن هـەر کەسـێک ئـەم سـیفەتە بیگرێتـەوە، دەتوانیـن بـە ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێری دابنێیـن، بـۆ نموونـە هونەرمەنـد، نووسـەر و تەنانـەت مامۆسـتایش دەگرێتـەوە. ئەگـەر بـۆ مێـژوو بگەڕێینـەوە، بەتایبـەت بـۆ کتێبەکانـی «هیـگل»، ئـەو لـە سـاڵی ١٨٤٠دا لـە وەسـفی دەسـتەیەک لـە بۆرجوازییـە نەتەوەییـەکان وەسـفێکی هاوشـێوە بەکاردەهێنێـت. ئەوانـە ئـەو کەسـانە بـوون وەکـوو ڕابـەری ڕۆحـی نەتەوەیـەک دەردەکەوتـن. بـەڵام وەکـوو زاراوەیەکـی ڕۆشـنبیریی بـۆ یەکـەم جـار لـە ڕووسـیا لـە پێـش شـۆڕش بـۆ ئـەو کەسـانە بەکاردەهـات، کـە خاوەنـی ڕۆشـنبیریی و بیرکردنەوەیەکـی سیاسـیانە بـوون.

زۆربـــەی توێـــژەران لەوبڕوایـــەدان ((شـــاعیری ڕووســـی فاسـیلی جۆکۆفسـکی هەوەڵیـن کەسـە ئـەم زاراوەیـەی لـە پێـش شـۆڕش بـۆ کۆمەڵێـک کـەس، کـە خاوەنـی ڕۆشـنبیریی و هەڵوێسـتی سیاسـی بـوون بەکارهێنـا.)) [خطـاب: ٢٠٢٠: شـبکە ابونـواف] ئـەو خەڵکانـە لـە مامۆسـتایان و هونەرمەنـدان و پارێـزەران پێـک هاتبـوون.

کەواتـە دەکـری بڵێیـن ئـەم زاراوەیـە لەگـەڵ پەیدابوونـی ئیشـتراکییەت پەیدابـووە و گەشـەی کـردووە، بەتایبـەت لـە ئەورووپـای ڕۆژهەڵاتـدا. ئەویـش بـەو ڕۆشـنبیرە دەسـتەبژێرانە دەگوتـرا، کـە ڕەخنـەی کۆمەڵایەتـی و سیاسـیان هەبـوو، ئـەوان بـەردەوام پـڕۆژەی فیکـری و ڕۆشـنبیرییان هەبـوو. کەواتـە ئـەم چەمکـە بەسـەر هەمـوو خوێنـدەوار و خوێنەرێکـدا پراکتیـک نابێـت. بۆیەیـش ((ئێمـە دەبـێ زۆر بـە ئاگایـی و ڕێـزەوە مامەڵـە لەتـەک چەمکـی ڕۆشـنبیردا بکەیـن و خۆنەخەڵەتێنیـن، چونکـەی، دەشـێت کەسـایەتی سـەر بـە چیـن و توێـژ و پلـە و پایـەی جیـاواز لـە یەکـتر ڕۆشـنبیر بـن.)) [ئەحمـەد: ٢٠٠٥: ٢] مێـژووی پەیدابوونـی ئـەم چەمکـە بـۆ دەیـەی شەسـتی سـەدەی بیسـتەم لـە ڕووسـیا دەگەڕێتـەوە، ئەمەیـش بـۆ ئـەو دەسـتە ڕۆشـنبیرانە بـە کار دەهـات، کـە ڕەخنـەی فیکریـان لـە سـەردەم و کۆمەڵـی خۆیـان دەگـرت، بـەردەوام بەرەنـگاری سیســتەمی سیاســی ســەردەمەکەیان دەبوونــەوە و داوای گۆڕانیـان دەکـرد. هـاوکات بـەردەوام تێـز و بۆچوونـی نـوی و فیکریـان پێشـکەش دەکـرد، بـەردەوام ڕەخنەیـان لـە کۆمـەڵ و مێـژوو و سیسـتەمی سیاسـی و دەسـەڵات هەبـوو، بیـری شۆڕشـگێڕیان بڵاودەکـردەوە. ئـەوان دەسـتەیەک بـوون بـە بوێـری و خـاوەن تێـز و بیرکردنـەوەی تایبـەت دەناسرانـەوە.

ڕۆشـنبیرانی دەستەبژێر (ئینتێلجێنسیا)، کەسانێکن ناتوانیـن لـە چینێکـی دیاریکـراوی نـاو کۆمـەڵ، یـان کەسـانێک سـەر بـە ئایدیۆلۆجیایەکـی دیاریکـراو پۆلێنیـان بکەیـن، بەڵکـوو ئـەوان کەسـانی سـەربەخۆن، فیکـر و بیرکردنەوەیـان ئـازاد و سـەربەخۆیە. بـەردەوام لەنـاو کاری فیکـری و توێژینـەوەی فیکـری لەبـارەی کۆمـەڵ و سیاسـەت ئیـش دەکـەن. تەنانـەت ئەگـەر وەکـوو دەسـتە و چینێکیـش هەژماریـان بکەیـن، ئـەوا دەبـن بـە دەسـتەیەکی سـەربەخۆ بەبـێ ئـەوەی پێـڕەو و چوارچێوەیەکـی ئیشـکردنی هاوبەشـیان هەبێـت، بەڵکـوو هـەر یەکیـان خـاوەن مێتـۆد و تێـز و تێڕوانینـی جیـاوازن، تەنـێ

لـە یـەک شـتدا هاوبەشـن، ئەویـش ڕەخنەکردنـی کۆمـەڵ و دەسـەڵات. ئاشـکرایە سـەدەی بیسـتەم، سـەدەی پەیدابوونـی دەسـتە و تاقمـی کۆمەڵایەتییـە، بـۆ نموونـە لـە ئەورووپـای ڕۆژهـەڵات فۆرمـی ئیشـتراکی پـەرەی پـێ دەدەرێـت، فۆرمـی کەپیتالیـزم لـە وڵاتـە پێشـکەوتووەکان لـە ڕووی پیشەسـازییەوە دروسـت دەبێـت. هەمـوو ئەمانـە وا دەکـەن هـەر فۆرمـە و دەسـتەیەک ڕۆشـنبیرانی دەسـتەبژێری تایبەتیـان بـۆ دروسـت بێـت، ئـەو ڕۆشـنبیرانە ئیشـیان لەبـارەی بیرکردنـەوە و تێزەکانـی ئـەو دەسـتە و فۆرمـە دەکـرد. بـەڵام ئـەوە واتـای ئـەوە نییـە، لـە فۆرمـی ئیشـتراکیدا ڕۆشـنبیرانی دەسـتەبژێرەکەی ئیشـتراکی بـن، بەڵکـوو ڕۆشـنبیرانێکن سـەربەخۆ و لـە دەرەوەی ئـەو پۆلێنـەن، بـەڵام بـەردەوام وەکـوو چاودێـر و ویژدانـی ئـەو فـۆرم و دەسـتە کۆمەڵایەتیانـە دەردەکـەون.

نووسـەرێکی وەکـوو «نەدیـم ئەلبیتـار» لـە کتێبـی (ڕۆشـنبیران و شـۆڕش)دا، بـڕوای وایـە ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێر (ئینتێلجێنسـیا) دیاردەیەکـە پـتر لـە ڕووسـیای ڕۆژهـەڵات دەردەکەوێـت. ((ئینتێلجێنسـیای ڕووسـیا لـە پێـش مارکسـییەت و دوای مارکسـییەت ئەزمـوون کـراوە و هەبـووە. ڕۆڵێکـی بەرچـاوی هەبـووە لـەو وڵاتانـە بـە بـەراورد بـە وڵاتانـی پێشـکەوتووی ئەورووپـا، هـاوکات ئاراسـتەی هاوشـێوەیش لـە وڵاتانـی پێشـکەوتوو دەبینیـن.)) [البیطـار: ١٩٨٧: ٢٧- ٢٨] هەرچەنـدە ئـەو بۆچوونـە پـتر پێداگـری لەسـەر ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێر لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی دەسـەڵات بـۆ هەڵگیرسـانی شـۆڕش دەکاتـەوە، بـەڵام ئەرکـی ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێر لـەوە فراوانـترە، چونکـە تەنـێ شۆڕشـی سیاسـیمان پێویسـت نییـە، بەڵکـوو شۆڕشـی کۆمەڵایەتـی و ڕۆشـنبیریش زۆر گرنگـن و دەبـێ هەوڵـی بـۆ بدرێـت، چونکـە لـە بنەڕەتـدا ڕۆشـنبیرانی دەسـتەبژێر وەکـوو هێزێکـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی دەردەکـەون و دیاردەیەکـی نوێیـە و لەگـەڵ پەیدابوونـی شۆڕشـی پیشەسـازی پەیـدا بـووە. لـە ڕوانگـەی مارکسـییەکانەوە چینـی پرۆلیتاریـا وەکـوو ئینتێلجێنسـیان، چونکـە وا لـە تـاک دەکـەن بیـر لـە خـۆی بکاتـەوە، ببێتـەوە بـە هێـزی خـۆی، خـۆی هـەوڵ بـدات مێـژووی خـۆی دروسـت بـکات، شـۆڕش بـکات بـۆ ئـەوەی سیسـتەمی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی بگۆڕێـت.

وەنەبـی ڕۆشـنبیرانی دەسـتەبژێر تەنـێ لەگـەڵ سیسـتەمی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی لـە ململانێـدا بـن و هەوڵـی گۆڕانـی بـدەن، بەڵکـوو شـەڕی ئـەوان سـەرلەهەوەڵ لەگـەڵ خـودی خۆیانـە. «بەختیـار عەلـی» لـە نووسـینێکیدا بـە نـاوی (تێکـدەری یـاری)، بۆچوونـی «خۆزیـە ئۆرتیـگا یـی گاسـیت» بـۆ پێناسـەکردنی ڕۆشـنبیر دەهێنێتـەوە. لەوێـدا دەڵێـت: ((گاسـیت وا پێناسـەی ڕۆشـنبیر دەکات، وەک سیفەتێک کـە پەیوەنـدی بـە «منـی کۆمەڵایەتی»یـەوە نییـە. ڕۆشـنبیر بەوپێیـە خواسـت و وەزیفەیەکـی کۆمەڵایەتـی نییـە، مـرۆڤ بـۆ ئەوانـی تـر نابێتـە ڕۆشـنبیر... واتـە ڕۆشـنبیر بـە پێچەوانـەی نووسـەر یاخـود زانـا یاخـود فەیلەسـوف، یاخـود مامۆسـتای زانسـتەباڵاکان، وەزیفەیـەک یـان پلەوپایەیەکـی کۆمەڵایەتـی نییـە، ئیشـێک نییـە، شـێوە خۆنمایشـکردنێک نییـە، جـۆرە خۆدەرخسـتنێکی تایبـەت نییـە لەسـەر سـەحنەی کۆمەڵـگا. بەپێـی «یـی گاسـێت» ڕۆشـنبیر بـۆ خـۆی ڕۆشـنبیرە، وە لەجەوهـەردا دژ بـە خـۆی و لەگـەڵ هەمـوو بەرەنـگاری و ناڕازیبوونـی خـودی خۆیشـیدا، ڕۆشـنبیرە.)) [عەلـی: ٢٠١٢: سـایتی نـەورۆز] ئـەم پێناسـەیە ڕێـک ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێر دەگرێتـەوە، چونکـە هەمـوو پێناسـەکان جەخـت لەسـەر ڕۆشـنبیر وەکـوو کائینێکـی کۆمەڵایەتـی دەکەنـەوە، تەنانـەت لـە یەکێـک لـە دەسـتە و چینەکانـی نـاو کۆمـەڵ پۆلێنیـان دەکـەن، بـەڵام بـە گوێـرەی ئـەم پێناسـەیە، ڕۆشـنبیران سـەرەتا لەگـەڵ خـودی خۆیـان لـە ململانێـدان، شـەڕ لەگـەڵ خـودی خۆیـان دەکـەن، بـۆ ئـەوەی لـە هەمـوو کۆتـە کۆمەڵایەتییـەکان، فەرمانـە کۆمەڵایەتییـەکان خۆیـان داماڵـن. ڕۆشـنبیرانی دەسـتەبژێر، هەمیشـە لەگـەڵ کـۆی سیسـتەمە کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەکان ناتەبـان، ئـەوان شـەڕ لەگـەڵ هەمـوو ئـەو ڕۆڵانـە دەکـەن، کـە کۆمـەڵ و دەسـەڵات دەیـەوێ پێیـان بسـپێرێت.

تاکـە ئەرکـی ڕۆشـنبیرانی دەسـتەبژێر بریتییـە لـە شـەڕ لەگـەڵ هەمـوو بەهـا زاڵـەکان، بـە ئامانجـی بەرهەمهێنانـی بەهـا ڕۆشـنبیرییەکان، ئەوانیـش بەهـا زانسـتی و فیکـری و هونـەری و ئەدەبییەکانـن. ئەمانـە لـە چوارچێـوەی پـڕۆژەدا کار دەکـەن. دەکـرێ ناوەنـدە زانسـتییەکانی وەکـوو: ناوەنـدی توێژینـەوە زانسـتییەکان، زانکـۆکان، گۆڤـار و وەرزنامـەکان، یەکێتیـی کۆمەڵـە ڕۆشـنبیرییەکان...تاد ببنـە سـەکۆیەک بـۆ ڕۆشـنبیرانی دەسـتەبژێر تاکـوو پڕۆژەکانـی خۆیـان

لەوێــوە پەرەپــێ بــدەن. بــەڵام ئەمــە بــە دەگمــەن و لــە وڵاتانــی پێشــکەوتوو ڕوودەن. لــە زۆربــەی وڵاتانــی دنیــادا، ئــەم ناوەندانــە لــە لایــەن دەســەڵاتەوە بــۆ خزمەتکــردن و ڕووســپیکردنی دەســەڵات دروســت دەکرێــن و بەکاردێــن. کەواتــە بــە بــڕوای ئێمــە ڕۆشــنبیرانی دەســتەبژێر دەتوانــن لــە چوارچێوەیەکــی ڕێکخــراودا کۆببنــەوە و وەکــوو ناوەندێــک تێیــدا کار بکــەن، بــەڵام نابێــت ئــەو چوارچێوەیــە پێــڕەو و ئایدیۆلۆجیایەکــی هەبێــت و بەســەر ئەندامەکانــی زاڵ بــکات.

دووەم: ڕۆشنبیری کورد و ڕۆشنبیریی دەستەبژێر

ڕۆشــنبیر چەمکێکــە لەنــاو توێژینــەوەی کوردیــدا بــە یەکێــک لــە چەمکــە نــاڕوون و ئاڵــۆزەکان دادەنرێــت، چونکــە تاکــوو ئێســتایش لەگــەڵ چەمکــی دیکــە تێکــەڵ دەکرێــن، یــان کەســانێک ئــەم ناوەیــان لــێ دەنرێــت، کــە پێوەندییەکیــان بــەم چەمکــەوە نییــە. ڕاســتە پێناســەگەلی زۆرمــان بــۆ ئــەم چەمکــە هەیــە وەکــوو لــە ســەرەوە باســمان کــرد، بــەڵام ئــەوە واتــای ئــەوە نییــە نەتوانیــن وەڵامــی پرســیاری ڕۆشــنبیر کێیــە؟ بدەینــەوە.

بــە درێژایــی مێــژوو لەنــاو ئەدەبیــات و نووســینی کوردیــدا کەســانێک وەک نوێنــەری دەســتە، هێزێکــی سیاســی، ســەرکردە، نوێنــەری ئایادیۆلۆجیــا و بەرژەوەنــدی تایبــەت بــە ڕۆشــنبیر هەژمــار کــراون. واتــە لەنــاو کۆمەڵــی ئێمــەدا دەیــان کــەس ماســکی ڕۆشــنبیریان پۆشــیوە و کەچــی ڕۆشــنبیر نیــن، چونکــە ســەر بــە دەســتەیەکی دیاریکــراو، یــان ئایدیۆلۆجیایەکــی تایبەتــن. ئــەوەی زۆر گرینگــە لــە مێــژووی ڕۆشــنبیری کوردیــدا، لــە ســەرەتای ســەدەی بیســتەمەوە ئــەوەی پێــی دەگوترێــت ڕۆشــنبیری کــورد، پێوەندییەکــی ڕاســتەوخۆی بــە سیاســەتەوە هەبــووە. ئــەو کات پێیــان دەگوتــرا مونــەوەر. کــەم شــاعیر و نووســەری ســەرەتای ســەدەی بیســتەم لەنــاو کــورد هەیــە پێوەنــدی بــە حیــزب و سیاســەتەوە نەبووبێــت. پێــش ئەوانیــش دەســتگرتن بــە کولتــوور و ڕابــردووی کــورد خاســیەتی هــەرە دیــاری خوێندەوارانــی کــورد بــووە، ئەوانیــش بریتیبــوون لــە خوێندەوارانــی حوجــرە و پیاوانــی ئایینــی، کــە نوێنەرایەتــی زانســت و مەعریفــەی ئــەو ســەردەمیان دەکــرد. لــەو کاتــدا دەتوانیــن لــە ڕووی ئایدیۆلۆجییــەوە چەنــد ئاراســتەیەک دەستنیشــانبکەین، کــە وەک ڕۆشــنبیر خۆیــان پیشــان دەدا.

دەســتەی یەکەمیــان دەتوانیــن ناویــان بنێیــن خوێندەوارانــی حوجــرە، ئەمانــە هەڵگــری زانســتێکی بــاو و تەقلیــدی بــوون، کــە بریتییــە لــە زانســتە شــەرعی و ئایینییــەکان. واتــە ڕۆشــنبیرییەکی ئایینیــان هەیــە. زۆربــەی ئــەم خوێندەوارانــە هەمــوو شــتێکی دەرەوەی خۆیــان ڕەت دەکــردەوە. تاکوتەرایــان نەبێــت، دەنــا دژ بــە کردنــەوەی قوتابخانــە بوونــە. لــەو ســەردەمەدا کــە تــا ســەرەتای ســەدەی بیســتەم دەخایەنێــت، هیــچ ململانێیەکــی نێــوان ڕۆژهــەڵات و ڕۆژئــاوا لــە گــۆڕێ نییــە. هەرچەنــدە ئــەم دەســتەیە دەبنــە بەرهەمهێنــەری شــیعری کلاســیکی کــوردی، بــەڵام وەکــوو گوتــاری ڕۆشــنبیریی و کاریگەریــان لەســەر پێشــکەوتن و گەشــەی تاکــی کــورد هیــچ جێپەنجەیــەک جــێ ناهێڵێــت. گوتــاری ئــەم خوێندەوارانــە لەســەر ئاراســتەکردنی خەڵــک بــووە بــەرەو ئاییــن، هــەر لەوچوارچێوەیەیــش هەوڵــی چارەســەکردنی کێشــە و ئاریشــەکانی خەڵکیــان داوە. تەنانــەت هیــچ توێژینەوەیــەک، کتێبێــک بــۆ توێژینــەوە لــە ڕەهەنــدە کۆمەڵایەتــی و دەروونــی و ڕۆشــنبیرییەکانی ئــەو ســەردەم لــە لایــەن ئــەم دەســتەیەوە نەنــووسراوە. دواتریــش زۆرێــک لــە ڕابەرانــی شۆڕشــەکانی کــورد ســەر بــەم دەســتەیەن، بــۆ نموونــە: شــێخ ســەعیدی پیــران، شــێخ مەحموود...تــاد، هــەر لــە ڕوانگەیەکــی ئایینییــەوە لــە کاری سیاســی و ڕۆشــنبیریان ڕوانیــوە.

دوای هاتنــی ئینگلیــز بــۆ عێــراق و داگیرکردنــی کوردســتان لــە ســەرەتای ســەدەی بیســتەم، کۆمەڵێــک لــە نووســەران و چیرۆکنووســانی کــورد بــە هــۆی ئاشــنابوونیان بــە ڕۆشــنبیریی ڕۆژئــاوا، هەوڵــی گــۆڕانــی کۆمەڵــی کوردیــان دەدا. هەرچەنــدە لــە باکــووری کوردســتان بــە هــۆی ماڵباتــی بەدرخانییــەکان، کــە لــە ئەســتەنبول ژیابــوون و زووتــر ئاشــنای کولتــوور و ڕۆشــنبیریی ڕۆژئــاوا ببــوون، هەوڵــی ڕۆشــنکردنەوەی بیــری خەڵکیــان دەدا، بەتایبــەت بــە دەرکردنــی ڕۆژنامــە. لــە باشــووری کوردســتان ڕۆشــنبیران بریتیبــوون لــە شــاعیران و چیرۆکنووســان، هێندێــک لەوانــە لەنــاو سیاســەت کاریــان دەکــرد. دوو ئایدیۆلۆجیــا لــەو ســەردەمە بەســەر بیرکردنــەوەی ئــەو ڕۆشــنبیرانەدا زاڵ بــوو، یەکیــان ئایدیۆلۆجیــای چــەپ و ئەویتریــان ئایدیۆلۆجیــا نەتەوەیــی بــوو. ئەمانــە لــە ڕێــی حیــزب و سیاســەتەوە هەوڵــی

گۆڕانکارییـە کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگـی و سیاسـییەکانیان دەدا. بـۆ ئەمەیـش ئـەدەب دەکەنـە ئامرازێـک بـۆ گۆڕانـی کۆمـەڵ. «فایـەق بێکـەس» هەرچەنـدە سیاسـی نەبـوو، بـەڵام لـە پێـش حاکمـی ئینگلیـز دەڵێـت:

بیسـت و حـەوت ساڵە من ڕەنجبـەری تۆم
بەنـــان و ئـــاو و جـــل بەرگـــی خـــۆم
خزمەتـــم کـــردی لـــە ئێـــران و ڕۆم
لـــە پێنـــاوی تـــۆ شـــکاوە ئەســـتۆم
کەچـی هێشـتا هـەر دیـل و ڕەنجـەڕۆم

کەســانێکی وەکــوو برایــم ئەحمــەد، ڕەفیــق حیلمــی، دڵــدار و...تــاد دێــن لــە ڕێــی حیزبــەوە هەوڵــی گۆڕانــی دەسـەڵاتی داگیـر دەدەن. گوتـاری ئـەم ڕۆشـنبیرانە، گوتارێکـی پیشـکەوتووترە لەوانـی پێـش خـۆی. هەرچەنـدە وەکـوو گوتـم هــەم چەپــەکان و هــەم نەتەوەییــەکان لــە ڕێــی حیزبــەوە ئـەو کارە دەکـەن. مارکسـییەکان دەیانـەوێ لـە ڕێـی گۆڕانـی بیرکردنـــەوەی خەڵکـــەوە ئـــەو کارە بکـــەن، چیرۆکەکانـــی گۆڤـاری گەلاوێـژ دەرخـەری ئـەم ڕاسـتییەن. ئـەم کەسـانە زۆرێکیـان دەرچـووی قوتابخانـە و زانکـۆن، گوتـاری ئەمانـە گوتارێکـی سیاسـی- ئایدیۆلۆجییـە. ئەمانـە تاکـوو سـەرەتای سـاڵانی شەسـتی سـەدەی ڕابـردوو، تەنـێ باوەڕیـان بـە خەباتـی سیاسـی هەبـوو.

لــە ســەرەتای ســاڵانی شەســتی ســەدەی ڕابــردوو، خەباتـی چەکـداری دێتـە پێشـەوە. نەوەیـەک لـە ڕۆشـنبیران دروســت دەبــن، کــە باوەڕیــان بــە گۆڕانــی دەســەڵات هەیـە لـە ڕێـی خەباتـی چەکدارییـەوە. هەرچەنـدە زۆرێـک لـەو ڕۆشـنبیرانە هەمـان نـەوەی پێشـترن. ئەمانـە لـە ڕووی بیرکردنـەوەوە، بیرکردنەوەیـان تەنـێ لـە سیاسـەت کـورت دەبێتـەوە. هەمـوو ڕەهەنـدە کۆمەڵایەتـی و فەرهەنگییـەکان دەکەنــە قوربانــی خەباتــی سیاســی و چەکــداری. کەســی ڕۆشـنبیر لەگـەڵ پێشـمەرگەیەک لەنـاو شۆڕشـدا جیـاوازی نابێــت، چونکــە ڕۆشــنبیر خــۆی بــە پێشــمەرگە دەزانێــت. مەبەســتی ئێمــە لێــرەدا ئەوەیــە، ڕۆشــنبیران ئەوەنــدەی خەمـە سیاسـی و چەکدارییەکەیـان لـە کـن گرنگـە، ئەوەنـدە خەمـە مەعریفیەکانیـان لـە کـن گرنـگ نییـە. ڕۆڵیـان لەنـاو گوتـاری زانسـتی و مەعریفیـدا زۆر لاواز دەبێـت. ئـەوان هیـچ خەمێکــی کۆمەڵــی کــوردی هەڵناگــرن، ڕووە کۆمەڵایەتــی و مەعریفییەکـەی کۆمەڵـی کـوردی دەگۆڕێـت بـۆ ڕووە سیاسـی و چەکدارییەکـە. ئەوەنـدەی ڕەخنـەی دەوڵـەت و سیاسـەت و ڕژێـم دەکـەن، چارەگـی ئـەوە خۆیـان بـە ئاسـتی پیشـکەوتن، یــان دواکەوتنــی کۆمــەڵ خەریــک ناکــەن. یــەک ئامانجیــان هەیـە، ئەویـش لەناوبردنـی ڕژێـم و دەسـتکەوتنی ئۆتۆنۆمـی بـۆ کوردسـتان. هەمـوو ژانـرە ئەدەبییـەکان دەخرێنـە خزمـەت ئـەم مۆدێلـە لـە خەبـات، کەمتریـن ئامادەیـی فیکـر و ڕەخنـە هەیـە. لـە ڕووی فیکرییـەوە تەنـێ ئایدیۆلۆجیـای مارکسـییەت هەیـە، ئەویـش خراوەتـە خزمـەت شـەڕی نەتەوەییەکانـەوە لـە ڕووی سیاسـییەوە نـەک لـە ڕووی مەعریفییـەوە. بەرگریکـردن لــە ئایدیۆلۆجیــا (چــەپ یــان نەتەوەیــی) دەبێتــە گوتــاری هــەرە زاڵ لای ئــەم ڕۆشــنبیرانە. لێــرەدا هــەم سیاسـییەکان و هــەم نووســەران و ئەدیبــان دەبنــە دوو بــەرە. بــەرەی چــەپ و بـەرەی نەتەوەییـەکان. ئـەو نووسـین و وەڵامکارییـەی لەسـەر لاپەڕەکانـی ڕۆژنامـەی هـاوکاری و ئەلعێـراق لەبـارەی ڕوانگـە و ڕوانگەییـەکان باشـترین گەواهیـدەری ئـەم ڕاسـتەیەیە.

ئـەم مۆدێلـە لـە ڕۆشـنبیران تـا کـوو ڕاپەڕینـی سـاڵی ١٩٩١ بـەردەوام دەبێـت. لـە شـاخ ڕۆشـنبیران بەسـەر حیزبەکانـدا دابـەش دەبـن. سـەرەڕای هەمـوو ئـەو نەهامەتیانـەی بەسـەر تـاک و کۆمەڵـی کوردیـدا دێـن لـە شـەڕی ناوخـۆ لـە شـاخ، ئەنفـال، کیمیابـاران و سـووتاندنی گونـدەکان و دروسـتکردنی کەمپـی زۆرەملـێ، کەچـی خوێندنەوەیەکـی مەعریفـی و فیکـری لــە لایــەن ڕۆشــنبیرانەوە ناخوێنینــەوە. ئــەو کەرەســەیەی ئــەم ڕۆشــنبیرانە لەبەردەســتیانە دەرەقەتــی خوێندنــەوەی کۆمەڵـی کـوردی نایـەت. ڕۆشـنبیران نەیانتوانـی هـەم پرسـیار و هــەم وەڵام لەبــارەی کۆمەڵــی کوردییــەوە بدەنــەوە. دەنــا ئاوارەکردنـی هـەزاران خێـزان لـە گوندەکانـەوە، ئەنفالکردنـی هەزارانـی دیکـە، کیمیابارانکردنـی هەزارانـی دیکـە پێویسـتی بــە توێژینــەوەی سۆســیۆلۆجی و ســایکۆلۆجییە لــە ڕووی فیکرییـەوە. جیهانـی کـوردی بـە شـێوەیەک تووشـی کارەسـات و گـۆڕان بـووە، کـە ڕۆشـنبیرانی تووشـی شـۆک و دەستەوسـان کردبـوو. هـۆکاری ئەمەیـش ڕۆشـنبیرانی کـورد کەرەسـەیەکی مەعریفـی و فیکریـان پـێ نەبـوو تاکـوو خوێندنـەوە بـۆ هەمــوو ئــەو گۆڕانــەی نــاو کۆمەڵــی کــوردی بکــەن. لــەم

قۆناغەدا مێتۆد و شێوازێکی مەعریفی پی نەبوو تاکوو دەرەقەتی ئەو گۆڕانانە بێت.

لە دوای ڕاپەڕینەوە نەوەیەک لە ڕۆشنبیران دروست دەبن، کە دواتر بە ڕەهەندییەکان ناودەنرێن، خاوەن کەرەسە و مێتۆدی تازەن. ئەم نەوەیە لە ڕۆشنبیران دەتوانین بە ڕۆشنبیرانی دەستەبژێر (ئینتێلجنسیا) ناویان ببەین، لەبەر چەند هۆیەک: ((

١. گوتاری ئەمانە گوتاری ڕەخنەییبوونیەتی بەرانبەری دنیای کورد و ئەو پێکهاتە تەقلیدییەی ڕۆشنبیری کوردی بینای کردووە، نەک تەنیا ڕەخنەییبوون بەرانبەر داگیرکەران.

٢. ئەم گوتارە گوتارێکی مەنهەجی و مەعریفییە پشت ئەستوورە بە زەخیرەیەکی فیکریی فرەڕەنگ، کە سەرچاوەکانی لەناو زانستە کۆمەڵایەتییەکان و فەلسەفە و قوتابخانە فیکرییە هاوچەرخەکاندایە.

٣. ئەم گوتارە لە دەرەوەی هەر پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆجی کار دەکات، فرەمەنهەجە و سڵ لەوە ناکاتەوە کە حەرامترین پرسیار بکات.

٤. ئەم گوتارە شێوازێک لە ڕۆشنبیر پێشنیاز دەکات کە سەرمایە ڕەمزییەکەی لە بەرهەمهێنانی فیکری و مەعریفی و ئەدەبی و هونەرییەوە وەرگرێت، نەک لە هەڵوێستی سیاسی و ئینتیمای بۆ حیزب.

٥. ئەم گوتارە هەوڵدەدا کایەی ڕۆشنبیریی بکاتە کایەکی سەربەخۆ لە دەرەوەی کایە سیاسییەکان.)) [قانیع: ٢٠٠٤: ٨٩- ٩٠]

هەموو ئەم تایبەتمەندی و خاسیەتانە دەرخەری ئەوەن گوتاری ڕۆشنبیرانی دەستەبژێری ڕەهەند، بە شێوەیەکی دیکە کار دەکەن. ئەوان هەوەڵین شت پرسیار لەبارەی دەسەڵات و سیاسەت دەکەن، کە ئەو کات لەسەر ڕەنگی تەسبێح خەڵک دارکاری دەکرا، لەسەر ڕەنگی جل خەڵک زیندانی دەکرا. ئەوان دێن توێژینەوە لە کایەکانی سیاسەت، کۆمەڵ، ڕۆشنبیریی بە شیوازێکی نوێ دەکەن. ئەوەی زۆر گرینگە ڕەهەندییەکان سەر بە هیچ ئایدیۆلۆجیایەکی دیاریکراو نەبوون، ڕەنگە پێش ڕاگەیاندنی پرۆژەی ڕەهەند، هەندێکیان سەر بە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو بن، یان لایەنگیری و پێشمەرگەی حیزبێکی دیاریکراو بووبن، بەڵام دواتر لەناو کایەی مەعریفی کار دەکەن. ئەوان هەر یەکەیان خاوەن مێتۆد و کەرەسەی مەعریفی جیاواز بوون. لێرەدا نامانەوێ لەبارەی مێژووی ڕەهەندییەکان بنووسین، هێندەی مەبەستمانە گوتاری ڕۆشنبیریی ئەوان دەرخەین.

ڕەهەند، پرۆژەیەکی فیکری و مەعریفی بوو، کە تێیدا کۆمەڵی نووسەری جیاواز، بە مێتۆدی جیاواز و جیهانبینی جیاوازەوە تێیدا بەشداربوون. ئەوەی لەم پرۆژەیەدا گرینگ بوو، خوێندنەوەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کوردی بوو بە چەمک و تێزە فیکری و مەعریفییەکان. لەم بارەیەوە «مەریوان وریا قانیع» لە چاوپێکەوتنێک دەڵێت: ((سوودوەرگرتن بوو لە فیکر و میتۆدە زانستییە هاوچەرخەکان، دروستکردن و بەکاربردنی زمانێکی تەواو تازە بوو، نەک بوونی دیدێکی ئایدیۆلۆژی یان فیکریی هاوبەش، یان گوتارێک هەمووبمان لە ناویدا کۆبووبینەوە، یان تێزێک هەمووبمان لەسەری کۆک بین و بەرگری لێ بکەین. بۆ کەسێک خەریکی لێکۆڵینەوە لە ژمارەکانی ئەو گۆڤارە بێت بە ئاسانی جیاوازی گەورەی نێوان نووسەرانی گۆڤارەکە، دەبینێت. ڕەنگە خاڵێکی تر کە نووسەرەکانی ڕەهەند لەسەری کۆک بووبن ئەوەیە کە ئێمە باوەڕمان وابوو فیکر دەتوانێت شتێک لە واقیعدا بگۆڕێت، بە تایبەتی فیکرێکی ڕەخنەیی کە کێشە سەرەکی و گرفتە بونیادییەکان دەستنیشان بکات و لە پەیوەندییەکی پتەودا بێت بەو واقیعە مێژووییەوە کە لەئارادایە.)) [قانیع: ٢٠٢١: ماڵپەڕی ژنەفتن] ڕەهەندییەکان پتر بەوە دەناسرانەوە لەبەر ڕۆشنایی تێزە فیکرییە هاوچەرخە ڕۆژئاواییەکانەوە مێژوو و واقیعی کۆمەڵی کوردیان دەخوێندنەوە. بۆیەیش یەکەمین ژمارەی گۆڤاری «ڕەهەند» بۆ خوێندنەوە و توێژینەوە لە شەڕی ناوخۆ تەرخان دەکەن. ئەمەیش دیاردەیەکی تازەبوو، چونکە شەڕی ناوخۆ چەندە سیاسییەکان پشکیان تێدا هەبوو، ڕۆشنبیرە حیزبییەکان دوو هێندە. بۆیەیش ئەوانەی دژ بەوان وەستانەوە، کەسانێک بوون هێشتا لەژێر هەژموونی ئایدیۆلۆجیای چەپ و نەتەوەیی و ئەدەبی شۆڕشگێڕی و بەرگریدا بوون. ڕۆشنبیرانی دەستەبژێری ڕەهەند

زەوی ئەدەبی و فیکری کوردیان هەژاند، گوتاری فیکری ئەوان بە شێوەیەک لەناو لاوان و نووسەران و خوێنەراندا بڵاوبوویەوە، کە جیاواز بوو لە کۆی گوتارە باوەکانی دیکە. ئەوان کایەی ڕۆشنبیرییان لە کۆی کایەکانی دیکە جیاکردەوە. ئەوان گوێیان بە حەلال و حەرامەکانی ناو واقیعی کۆمەڵ و سیاسی کورد نەدا. ڕەهەندییەکان بە پاڵپشت بە تیز و فەلسەفەی ڕۆژئاوا واقیعی سیاسی و ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردیان خوێندەوە و خستیانە بەر ڕەخنە. ئەگەر تەماشای ڕۆشنبیرانی پێش ڕەهەندییەکان بکەین، کە زۆربەیان سەر بە ڕەوتی مارکسیزم بوون، بە شێوەیەکی زۆر کلاسیکانە توێژینەوەیان لەبارەی ئەدەب و کولتووری کوردی دەکرد. نموونەی ڕۆشنبیرانی وەکوو: د.عیزەددین مستەفا ڕەسوول، د.مارف خەزنەدار و چەندان کەسی دیکە، ساڵانێکی زۆریان لە ڕووسیا بەسەربردبوو، ئاشنای پێشکەوتنی تیز و فیکری خۆرئاوا بوون، بەڵام زۆربەی توێژینەوەکانیان بە شێوەیەکی زۆر سادە بوو، بۆ نموونە گوڵ لە شیعری فلان، نالی، یان فلان شاعیر ساڵی چەند لە دایک بووە و ساڵی چەند مردووە. ئەم فۆرمە لە توێژینەوە، کە خاڵی بوو لە فیکر و تیزی فەلسەفی تا ماوەیەکی زۆر مۆدێلی توێژینەوەی کوردی بوو. ڕەهەندییەکان پێشەنگی ئەو ڕۆشنبیرە دەستەبژێرانە بوون لە ڕووی فیکری و فەلسەفییەوە توێژینەوەیان لەبارەی کۆمەڵی کوردییەوە کرد. تەنانەت لەگەڵ هاتنی ئەوانەوە توێژینەوەی سۆسیۆلۆجی و سایکۆلۆجی و سیاسی پەرەی پێدرا و لە ڕووی فیکرییەوە کاری لەبارەوە کرا. ئەوان دیدێکی ڕەخنەییان بۆ دنیای ڕۆشنبیریی و کولتووری کوردی هەبوو.

ئەوەی ڕەهەندییەکانی وەکوو ڕۆشنبیریی دەستەبژێر (ئینتێلجێنسیا) جودا دەکردەوە، هیچ ئینتیمایەکی سیاسیان نەبوو. ڕەنگە ئەمە نەبووبێتە هۆی کۆکردنەوەی ئەوان، بەڵام خاڵێکی بەهێز بوو، هەوەڵین جار دەبێت ڕۆشنبیران لە دەرەوەی کاری سیاسی و حیزبی دەبن و ڕەخنە لە کۆمەڵی کوردی دەگرن. وەکوو لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، شەڕی ناوخۆ دیاردەیەک بوو ئەوان قسەیان لەبارەوە کرد، بەڵام بەو واتایەی نا خەتای کامە لایەن بوو. «ڕێبین هەردی» لەوبارەیەوە دەڵێت: ((هەریەکەمان هەوڵماندا بچینە دەرەوەی ئەو گوتارە سیاسییەی تاوانبار دەکات و هۆکارەکانی پشت شەڕەکە بخوێنینەوە و تەفسیری بکەین. بۆ نووسینەکانی دیشمان هەر وابوو. لەبەر ئەوە هەست دەکەم لەو دۆخەدا یەکجار بەرپرسیارانە ڕەفتارمان کرد و خۆمان لە زمانی تاوانبارکردن و بریندارکردن بە دوور گرت و لە بری ئەوە لەسەر ڕووداوەکە قسەمان کرد و هەریەکەمان لە ڕوویەکەوە باسی لایەنە شاراوەکانی ئەو شەڕەی کرد.)) [هەردی: ٢٠٢١: سایتی ژنەفتن] ئەوە بەو واتایە نایەت هێندێک لە نووسەرانی ڕەهەند ئینتیمای سیاسیان لەسەر ئاستی تاک نەبووبێت، بەڵام ئەم ئینتیمایە کاریگەری لەسەر شێوازی ئیشکردنە فیکرییەکە نەبوو.

لە بنەڕەتدا ڕەهەند پرۆژەیەکی ڕۆشنگەری بوو، بۆیەیش خۆی لە هەموو کۆتێکی سیاسی و ئایدیۆلۆجی داماڵی بوو. ناتوانین ڕەهەند وەکوو ڕێبازێکی فیکری و ئایدیۆلۆجی دیاری بکەین، بەڵکوو تەنیا پرۆژەیەک بوو بۆ خوێندنەوە و ئیشکردن لەبارەی کۆی کایەکانی کۆمەڵی کوردی. ئەگەر تەماشای وتارەکانی گۆڤاری ڕەهەند بکەین، هەوڵی خوێندنەوەی کۆمەڵی کوردیان داوە لە ڕووی تیۆرییەوە، ئەمەیش بە کۆمەکی تیۆر و تیزە ڕۆژئاواییەکان. بەڵام کاتێک هێندێک لە نووسەرانی ڕەهەند دژ بەو تیزەی خۆیان دەوەستنەوە، کە جوداکردنەوەی ڕۆشنبیر بوو لە سیاسەت، ئەوان هەوڵیاندا ئەو مۆدێلەی توانەوەی ڕۆشنبیر لەناو سیاسەت بگۆڕن، لە پێشتردا کەم ڕۆشنبیر هەبوو شوناسێکی سیاسی نەبێت. کاتێک هێندێک لە نووسەرانی ڕەهەند بەتایبەت دوای ساڵی ٢٠٠٩ لەگەڵ دروستبوونی بزووتنەوەی گۆڕان، چ بە ڕاستەوخۆ و چ بە ناراستەوخۆ لەگەڵ هێڵی گشتی بزووتنەوەکە تێکەڵ بوون. نووسەرانی وەکوو: د.شاهۆ سەعید، د.مەریوان وریا قانیع و ڕێبین ئەحمەد هەردی بە ئاشکرا پشتوانیان لەم بزووتنەوەیە کرد و هێندێکیان بوونە کارەکتەری سەرەکی بزووتنەوەکە. هێندێکیان لە خۆپیشاندانی حەڤدەی شوباتەوە، لە ڕۆشنبیریی دەستەبژێرەوە بوونە وتاربێژ و دروشمبازی سەکۆکە، بەتایبەت کاتێک خۆپیشاندانەکە ئەندام و ڕووخسارە دیارەکانی حیزبەکانی تێکەڵ دەبن و هەر

کەس لەوێدا خۆی نوێنەری خۆپیشاندەران دەزانێت. هەر نووسەرە لە ڕەهەندییەکان ئاراستە و گوتاری نووسینی خۆی جودا کردەوە. بۆ نموونە بەختیار عەلی زوو خۆی جودا کردەوە، فاڕووق ڕەفیق بە ئاراستەیەکی دیکە. تەنانەت شەڕی فیکری نێوان مەریوان وریا قانیع و بەختیار عەلی بە ئاشکرا لە ماڵپەڕ و ڕۆژنامەکاندا دەخوێندرایەوە.

بەشی دووەم: ڕەهەندەکانی گوتاری ڕۆشنبیریی دەستەبژێر لە ڕۆمانی «میرنامە»دا

دەستبردن بۆ مێژوو و کردنی بە کەرەسەی ڕۆمان وەستایی و وردی دەوێت. «جان دۆست» یەک لەو ڕۆماننووسانەیە، مێژوو وەکوو خۆی ناگوازێتەوە، بەڵکوو دەسکارییەکی تەواوی مێژوو دەکات، ئەو ڕۆمان دەگێڕێتەوە. بە گشتی دوو جۆر سوودوەرگرتنمان لە مێژوو بۆ نووسینی ڕۆمان هەیە. یەکیان ئەوەیە، مێژوو و ڕووداو و کەسایەتییەکان وەکوو خۆیان دەگوازنەوە. هەموو خۆپارێزییەک لە دەسکاریکردنی مێژوو دەگرنەبەر. ئەگەر بۆ شێوازی گێڕانەوەی هێندێک ڕۆمانی کوردی بگەڕێینەوە، بەتایبەت ڕۆمانە سەرەتاکان وەک: نۆڤلێتی لە خەومای جەمیل سائیب، ژانی گەلی ئیبراهیم ئەحمەد، پێشمەرگەی ڕەحیم قازی و شاری حسەین عارف و چەندان نموونەی دیکە. ڕۆماننووسان هەوڵیانداوە مێژوو وەکوو خۆی بگوازنەوە، تەنانەت خوێنەر بە تەواوی کەسایەتییە مێژووییەکان دەناسێتەوە. جۆری دووەمیان تەنێ وەکوو ماددەیەکی خاو سوود لە مێژوو وەردەگرێت، واتە مێژوو ناگوازێتەوە، یان دایناڕێژێتەوە، بەڵکوو دەیکاتە هۆکار و کەرەسەیەک بۆ ئەو ئامانجانەی دەیەوێت دەریان ببڕێت. ئەم جۆرەی ڕۆمان بە ڕۆمانی مێژوویی ناودەبرێت. ڕووداوەکانی ئەم جۆرە ڕۆمانە لە زەمەنی ڕابردوودا، یان لەناو مێژوودا ڕوویانەداوە، بەڵکوو لە ئێستای گێڕانەوەدا ڕوودەدەن. بۆیەش لۆکاش دەڵێت: ڕۆمانێکە، ڕووداوەکانی لە ئێستادا ڕوودەدەن، هاوچەرخان تێیدا دەژین. واتە سنووری مێژوو تێدەپەڕێنێت. «جان دۆست» لە «میرنامە»دا کەسایەتییەکی مێژوویی (ئەحمەدی خانی) وەکوو ڕۆشنبیریی دەستەبژێر (ئینتێلجنیسا) وێنا دەکات، لەو ڕوانگەیەوە خوێندنەوەیەک بۆ بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ئێستای کورد دەکات.

یەکەم: ڕۆشنبیریی دەستەبژێر و دەسەڵات

پێوەندی نێوان ڕۆشنبیریی دەستەبژێر و دەسەڵات، پێوەندییە لەسەر بنەمای دوودڵی و ڕاڕایی و ڕەخنە وەستاوە. ڕۆشنبیریی دەستەبژێر هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە ڕەخنە لە دەسەڵات بگرێت، بۆ ئەوەی بەردەوام دەسەڵات بە ئاگا بێنێتەوە. کەواتە پێوەندییەکانیان لەسەر لێکدژی وەستاوە. دەسەڵات بەردەوام دەیەوێت ڕۆشنبیرەکان ببنە بەشێک لەو، زۆرن ئەو ڕۆشنبیرانەی دەبنە ڕۆشنبیرێکی سیاسی، بەڵام ڕۆشنبیریی دەستەبژێر، سەربەخۆیی خۆی نافرۆشێت، بەردەوام لە سەنگەردایە بەرانبەر دەسەڵات. دەسەڵات بەردەوام لە هەوڵدا دەبێت بواری ڕۆشنبیری بکاتە بەشێک لە خۆی، بەڵام ڕۆشنبیریی دەستەبژێر دژ بەوەن و بواری ڕۆشنبیری جودا دەکەنەوە.

«ئەحمەدی خانی» وەکوو کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکەیە، لە دەرباری میر کار دەکات. ((خانیی باش کاتبی دیوەخانی میر و نووسەری نامە و فەرمانەکانی ئەو، هێشتانەکینێ لە نووسینەوەی مەم و زین نەبووبووەوە.)) [جان دۆست: ٢٠١٣: ٢٠١] ڕاستە «خانی» نووسەری دەرباری میرە، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە، کەسێکە بە هەموو شتێکی میر و دەسەڵات ڕازییە. یەکێک لە خاڵە زۆر گرینگەکان ئەوەیە، «خانی» دەیەوێ ئەو پەیامە بداتە میر، کە ڕاستە ئەو لە دەربار کار دەکات، بەڵام کۆیلەی میر نییە. کەواتە ئێمە لەبەردەم دوانەیەکی دژوازداین. لە لایەک ڕۆشنبیرێکی وەکوو «خانی»مان هەیە، دەیەوێ بواری ئەدەبی و ڕۆشبیری لە دەسەڵات و سیاسەت جودا بکاتەوە. لە لایەکی دیکەوە کەسانێکی دیکەمان هەن، بۆ نموونە «بوهاری» بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە میر لێی ڕازی بێت و ببێتە کەسی یەکەم لە کن میر. بۆیەش «خانی» دەڵێت: ((مەلا ساڵح، ئەز نڤیسکاری میر محەمەدی باوکیشی بووم. بەڵام کارکردنم لە دیوان مانای پشتگیری کردن نییە لێیان، ئەگەر زوڵم بکەن لێیان بێدەنگ نابم. من ڕاوێژکاریانم نەک کۆیلەی بەر دەرگەیان. تا ئێستا هۆزانێکم بۆ ستایش

و پیاهەڵدانــی هیــچ یەکێــک لــەوان نەنووســیوە. لــە پێنــاو کــورددا چیــم لــە دەســت بێــت دەیکــەم.)) [جــان دۆســت: ٢٠١٣: ٢٠٢] پــڕۆژەی ڕۆشــنبیریی دەســتەبژێر قووڵــتر و گشــتیترە لــە پــڕۆژەی ئەوانــی دیکــە، ئــەو دەیــەوێ بــۆ بەرژەوەنــدی گشــتی کار بــکات، کــە چــی ڕۆشــنبیرانی دیکــە بــۆ بەرژەوەنــدی تایبەتــی کار دەکــەن. کەواتــە دەتوانیــن ســێ فــۆرم و جــۆر لــە ڕۆشــنبیر دیــاری بکەیــن:

١. ڕۆشــنبیریی دەســتەبژێری دژ بــە دەســەڵات: بێگومــان ئــەم جۆرەیــان لــە بــەرەی دژ بــە دەســەڵاتە و بــەردەوام پرســیار لەبــارەی دەســەڵاتەوە دەکات. ئــەم جــۆرە ڕۆشــنبیرانە هەمیشــە ژیانێکــی نائــارام و ناخۆشــیان هەیــە، چونکــە مەترســین بــۆ ســەر دەســەڵات، وەک چــۆن لــەم ڕۆمانــەدا، دەســەڵات (میــر) هەوڵــی تیرۆرکردنــی «خانــی» دەدات و ژەهرخــواردی دەکــەن.

٢. ڕۆشــنبیری سیاســی و پاڵپشــتی دەســەڵات: ئەمەیــان جۆرێکــە لــە ڕۆشــنبیران، لــە دەربــاری دەســەڵات دەژیــن، بەرژەوەنــدی تایبەتــی خۆیــان لــە پێــش هەمــوو شــتێکەوە دادەنێــت. گــوێ لــە مســتی دەســەڵاتن و قەڵــەم و نووســینیان بــۆ ســتایش و پاڵپشــتی دەســەڵات تەرخــان دەکــەن. بــۆ نموونــە «بوهــاری» بــەردەوام لــە هەوڵــی ئــەوەدا بــووە ببێتــە شــاعیری دەربــار. ((وامەدزانــی دەمــە هۆزانڤانێکــی وەک شــوکری بدلیســیی خــودان کتێبــی (ســەلیمنامە)، لــە کۆشــک و ســەرای ســەدری ئەعــزەم و شێخولئیســلامەکاندا، تەنانــەت لــە دانیشــتنەکانی ســوڵتانی موعەزەمــدا لــە ئەســتانە شــوێنی شــیاوی خــۆم وەردەگــرم.)) [جــان دۆســت: ٢٠١٣: ٨٣] هەمــوو ســیســتەمێکی سیاســی وڵاتــە دیکتاتــۆرەکان، یــان دەســەڵاتێکی سیاســی دیکتاتــۆر بــۆ ئــەوەی بــەردەوام بێــت، بــۆ ئــەوەی پێگــەی خــۆی بەهێــز بــکات، هەوڵــێ بــە کۆیلەکردنــی خەڵــک و ڕۆشــنبیران دەدات. ((کەواتــە هەمــوو سیســتەمێکی سیاســی بــۆ ئــەوەی توانــای بەردەوامبــوون و جێگیربوونــی هەبێــت، هــەوڵ دەدات لــە ڕێگــەی پــەروەردەی سیاســییەوە، بەهــا و نۆرمەکانــی خــۆی لــە ناخــی تاکــدا بچێنێــت.)) [ئەحمــەد: ٢٠١٣: ٤٥] ئەمــە خوێندنەوەیەکــە بــۆ واقیعــی ڕۆشــنبیریی کــوردی. پێــش ڕاپەڕیــن لــە ســەردەمی ڕژێمــی بەعســدا ســەتان ڕۆشــنبیرمان هەبــوو لــە دام و دەزگەکانــی ڕژێــم کاریــان دەکــرد و لــە خزمــەت بنەمــا و ئایدیاکانــی ئــەم ڕژێمــەدا بــوون. هــاوکات ســەتانی دیکــە لــە شــاخ لەژێــر کاریگــەری ئایدیۆلۆجیــا و سیاســەت لەنــاو حیزبەکانــدا کاریــان دەکــرد. دوای ڕاپەڕیــن ئــەم مۆدێلــە بــەردەوام دەبێــت.

٣. ڕۆشــنبیری پەراوێزخــراو: ئەمــە ئــەو جــۆرە ڕۆشــنبیرە دەســتەبژێرانەن، لــە لایــەن دەســەڵاتەوە پەراویزخــراون و دەچەوســێندرێنەوە. ئەمانــە بــەردەوام بــە ئاگاییــەوە دەپەیڤــن و مامەڵــە دەکــەن. ئامرازەکانــی پەراوێزخســتن و دوورخســتنەوە، ئاوارەکــردن، ســزادان و تەنانــەت کوشــتنیش بەرانبەریــان دەگیرێتــە بــەر.

هەڵوێســتی «خانــی» لــە ئەنجامــی تێڕامانــی بیرکردنــەوەی خۆیەتــی لــە بەرانبــەر کار و سیاســەتەکانی میــر، واتــە کەســێکی ســەربەخۆ بــووە. ئــەو نەیویســتووە بچێتــە ژێربــاری سیاســەتەکانی میــر. ئــەو کاتێــک شــەڕی میــرە کــوردەکان بەرانبــەر یەکــدی دەبینێــت، واتــای ئــەوە نییــە لــەو پاڵنــەر و میکانیزمانــە ڕانەمێنێــت، کــە هــۆکاری ئــەم شــەڕەن. ئــەو نایەوێــت بێدنــگ بێــت بەرانبــەر ئــەو پارچەپارچەبوونــە نەتەوەییــەی لەســەر خاکــی کــوردان ڕوودەدات. ((مەلیــک ئەحمــەد پاشــای والیــی وان ئابلووقــەی شــارەکەی دابــوو، ســەربازەکانی کۆشــکەکەی میــر ئەبــدال خانیــان تــاڵان دەکــرد. لــەو ئێــوارە دوکەڵاوی و تێکــەڵ بــە ناپاکییــەی میــری کــوردان هەمبــەر میللەتەکەیــان، دڵــی مــن لــەو دەنکــە بەڕووانــە داخــتر بــوو.)) [جــان دۆســت: ٢٠١٣: ٤٤] شــەڕی ناوخــۆی نێــوان میــرەکان لــە کــۆن و لــە مێــژووی هاوچەرخــی کوردیــدا لــە نێــوان حیزبــە کوردییــەکان لەســەر حیســابی نیشــتمان بــووە، چونکــە نیشــتمان ئەنجامــی سیاســی و کولتــووری و کۆمەڵایەتییــە. خەمــی «خانــی» خەمــی نیشــتیمانە، خەمێکــی گشــتییە. شــەڕی ناوخــۆی نێــوان میــرەکان بــۆ خزمەتکردنــی داگیرکەرانــە، داگیرکــەران بــە بەرنامــە دەیانــەوێ بــەردەوام ئــەم شــەڕە هەبێــت، بــۆ ئــەوەی ئاگــری دووبەرەکــی لــە نێــوان میــرەکان بچێنــن. ئــەم ڕۆشــنبیرە دەســتەبژێرە، هەمــوو هەوڵێکــی بــۆ ئــەوە بــووە بــە بیــر میــر بهێنێتــەوە، کــە شــەڕی ناوخــۆ و نێــوان میــرەکان لــە ڕەهەنــدە سۆســیۆلۆجی، ســایکۆلۆجی و ئابــووری کاریگــەری لەســەر نیشــتمان هەبــووە. لــە ڕووی سۆســیۆلۆجییەوە هــەزاران خێــزان هەڵوەشــاوەتەوە، هەمــوو بیرمانــە لــە شــەڕی ناوخــۆی نێــوان حیزبــە کوردییــەکان

لــە باشــووری کوردســتان هــەزاران خــەڵ ئاوارەبــوون، دەیــان مــاڵ وێــران بــوو. لــە ڕووی ســایکۆلۆجییەوە تاکێکــی دڵــڕەق و پــڕ لــە قیــن دروســت دەکات. بــرا ڕقــی لــە براکــەی دەبێتــەوە. لـــە ڕووی ئابوورییـــەوە ژێرخانـــی ئابـــووری هەڵدەکێنێـــت و وێرانـــی دەکات.

«خانــی» وەک ڕۆشـــنبیرێکی دەســـتەبژێر لـــەم ڕۆمانـــەدا بیرکردنـــەوە و جیهانبییەکانـــی ڕۆڵیـــان هەیـــە لـــە گۆڕانـــی جیهانــی کــورد. ئــەو لەنــاو ئــەو هەمــوو کۆتوبەنــدە، لەنــاو ئــەو هەمــوو بــاوە، کــە بــۆ نموونــە دەبێــت لــە خوتبــەی هەینیــان دەبــی نــاوی میــر بهێنێــت و ستایشــی میــر بــکات. ئــەو دێــت پێچەوانــەی ئەمــە دەجوڵێتــەوە. ئــەو فکــری تــازە، بیرکردنــەوەی تــازە دەهێنێتــە نــاو کۆمەڵــی کــوردی، بۆیەیــش ڕۆشــنبیرە دەربــارەکان تووشــی شــۆک دەبــن، میــر تووشــی تــرس و دڵەڕاوکــێ دەبێــت، چونکــە ئــەوە نــاوی «خانی»یــە دەتوانــێ پیــش نــاوی ئــەو بکەوێــت. ئــەوە بیرکردنــەوە و تێڕوانینەکانــی ئــەوە کاریگــەری لەســەر بیرکردنــەوەی خەڵــک دەبێــت و خەڵــک هوشــیار دەکاتــەوە. میــرە کــوردەکان لــە کــۆن و حیزبــە کوردییــەکان لــە ئێســتا هەمــوو هەوڵێــک بــۆ پەراوێزخســتن و بــێ بەهاکردنــی کتێــب و ڕۆشــنبیری دەدەن. بێگومــان کتێــب ئاســتی هوشــیاریی خەڵــک بــەرز دەکاتــەوە، ئەمەیــش مەترســییە بــۆ پێگــە و دەســەڵاتی سیاســییەکان. بۆیەیــش لــە کاتــی هێرشــی میــرەکان بــۆ ســەر یەکــدی، کتێبخانەکانــی یەکدیــان تــاڵان دەکــرد و لەنــاو دەبــرد. ((نەمتوانــی پاراســتنی ئــەو ســەدان کتێبــە مســۆگەر بکــەم، ئــەوی پێــم هەڵگیــرا بــردم، لــە نێویانــدا کتێبــی شــەرەفنامەش هەبــوو.)) [جــان دۆســت: ٢٠١٣: ٥٢] ئامانجــی «خانــی» لــە هەوەڵیــن کاردا دەیــەوێ لەناوەڕاســتی شــاری بدلیــس قەیســەرییەکی کتێبفرۆشــان بکاتــەوە، ئــەو داوایــە لــە میــر دەکات، بــەڵام ڕەت دەکرێتــەوە. ئاشــکرایە بــازاڕی کتێبفرۆشــی ڕوویەکــی گەشــی پێشــکەوتنی هــەر شارســتانیەتێکە. پــڕۆژەی «خانــی» پرۆژەیــەک بــوو بــۆ کردنــی شــاری بدلیــس بــە ڕووگــەی فەقــێ و قوتابیــان. بێگومــان ئەمەیــش مەترســی دەبــوو بــۆ ســەر دەســەڵاتی میــر، میــر لــە خەمــی پــڕۆژەی مەعریفــی و ڕۆشــنبیرییدا نەبــوە، بەڵکــوو پیرۆزکردنــی ئــەو لــە ســەرووی هەمــوو شــتێکەوەیە.

دووەم: ڕۆشنبیریی دەستەبژێر و ئازادی

ئــازادی مافــی هەمــوو تاکێکــە، هەمــوو ئــەوەی دەیــەوێ بــە ئــازادی بیــکات بەبــی ئــەوەی زیــان بــە بەرانبەرەکــەی بگەیەنێــت. بــە واتایەکــی دیکــە تــا ئــەو شــوێنە مافــی ئــازادی هەیــە، کــە ئــازادی ئەوانــی دیکــە دەســت پــێ دەکات. ئــازادی لــە دەربڕینــی بیــروڕا. ئاشــکرایە هەمــوو ئازادییەکیــش بــە یاســا ڕێکخــراوە، هــەر بــە یاسایش ئازادییــەکان کــۆت و بەنــد دەکرێــن. ئــازادی چەمکێکــە لــە هــزر و بیــری هەموومانــدا هەیــە، بــەلام پێناســەکردنی ئــەم چەمکــە هێنــدە ئاســان نییــە. ئــازادی ئــەو کاتــە بــەدی دێــت، کــە مــرۆڤ ســەرەتا خــۆی ڕزگار بــکات، ڕزگاری بێــت لــە هەمــوو دەســەڵاتێک کــە دەیــەوێ ئــەو کەســە ڕکێــف بــکات. کاتێــک مــرۆڤ ئــازادی دەبێــت، ئــەوا هوشــیاری بەرانبــەر هەمــوو مافەکانــی خــۆی دەبێــت. ئەمــە هەمــان تێزەکــەی «هێربــەرت مارکۆزە»یــە بــۆ ئــازادی، کــە نــاوی دەنێــت (گۆڕانــی چۆنیەتــی). لێــرەدا مەبەســت لــە دیالێکتیکــی ڕزگارییــە. ((مەبەســت لــە دیالێکتیکــی ڕزگاربــوون ئــەو پرۆســە دوو جەمســەریە کــە بــە شــێوەیەکی ڕیشــەیی و گشــتگیر کار بــۆ داڕشــتنەوەی ســەرلەبەری کۆمەڵگــە دەکات و هەوڵــی ئازادکردنــی تــاک دەدات لــە هەژموونــی سیســتەمێ کــە ئابلووقــەی ئازادییەکانــی داوە.)) [جەمــال: ٢٠١١: ٣] ئــەم ڕزگارییــە هەوڵێکــە بــۆ ئــەوەی مــرۆڤ ببێتــە تــاک، واتــە ئــازادی دەبێتــە بەهایــەک بــۆ ڕزگاربوونــی مــرۆڤ. تاکــوو مــرۆڤ ئــازاد نەبێــت، ناتوانێــت ڕزگاری بێــت. بــۆ ئــەوەی ناوەنــد و ســێنتەر و دەســەڵاتەکان بتوانــن مــرۆڤ کــۆت بکــەن، ئازادییەکانیــان زەوت دەکــەن. چەمکــی (گۆڕانــی جــۆری)، چەمکێکــە ((بریتییــە لــەو سیاســەت و ڕێوشــوێنانەی کــە بوونــی مــرۆڤ دەگرێتــەوە و لەبەرچاوەدەگرێــت. بــە واتایەکــی تــر بریتییــە لــە گرینگیــدان بــە ئــازادی مــرۆڤ خــۆی وەک بوونەوەرێــک لــە ســەرووی هەمــوو شــتێکەوە.)) [جەمــال: ٢٠١١: ٣]

«خانــی» وەکــوو ڕۆشــنبیرێکی دەســتەبژێر، ئــازادی خــۆی لــە پێــش هەمــوو شــتێکی دیکــەوە دانــاوە. ئــەو نووســەری دەربــاری میــر بــووە، بــەڵام خــۆی نەفرۆشــتووە، بــۆ پــارە نەچۆتــە ئــەم شــوێنە. نووســەریی دەربــار وای لــێ نەکــردووە بۆچوونەکانــی بــە ئــازادی دەرببڕێــت. بۆیەیــش پــارە و ســامان لــە کــن ئــەو بێبایــەخ بــووە. ((دەڵێــن، خانــی حــەزی بــە

پـارە نەبـوو و لــە کتێبەکەیـدا دابەزیوەتــە ســەر پـارەداران. لــە زەمکردنەکەیـدا دەبێژێــت، خۆشەویســتی بــۆ پــارە و مـاڵ مـرۆڤ بەدنـاو و پیـس دەکات.)) [جـان دۆسـت: ٢٠١٣: ٧٨] ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێر بایـەخ بــە ئازادییــە تاکییەکانــی دەدات، لــە کــن گۆڕانــی چەندێتــی، کــە ئابــووری و ژیــان دەگرێتــەوە گرینــگ نییــە، بەڵکــوو ئــەوەی گرینگــە ئازادییــە وەک گەوهــەری گۆڕانــی سێســتەمی کۆمەڵایەتــی. ئــەوەی «خانــی» لــە کتێبەکەیــدا (مــەم و زیــن) بەرانبــەر میــر و حەرامــەکان دەیــکات، نەخشەکێشــانی ڕێیەکــە بــۆ گشــت خەڵکــی. لێدانــە لــە پیــرۆزی و بــە سـێنتەربوونی میـر. ئـەو دەیەوێــت مرۆڤــەکان ڕزگار بــکات. بۆیەیــش ڕۆژبــەڕۆژ خەڵـک لـە فەقـێ و سـوختە و خەڵـک لـە دەوری کۆدەبنـەوە. هەرچەنــدە ئەگــەر ئــەو ویســتبای ژیانێکــی خۆشــگوزەران دەژیـا، بـەڵام دێـت داوای ئـازادی بیرکردنـەوە دەکات. ئەمـە بـە ڕوونــی دەردەکەوێــت، کاتێــک ئامــۆژگاری «بوهــاری» شــاعیر دەکات. ((خــۆت لــە هۆزانێــن ســتایش ئامێــز بــەدوور بگــرە، چونکــە چەندێــک لــە پایــە و ئاســتی بڵنــد بکەیتــەوە هــەر بــێ چێــژ و تامــە.)) [جــان دۆســت: ٢٠١٣: ٨٤]

خاڵێکـی گەوهـەری لـەم ڕۆمانـەدا کاری لەبـارەوە کرابیـت، ئــازادی ڕادەربڕینــە. «خانــی» نووســەرێکە بۆچوونەکانــی خــۆی بــە ئازادانــە لــە کتێبەکەیــدا دەربڕیــوە. ئەمــە بووەتــە مایــەی نیگەرانــی میــر و داروەدەســتەکەی. ئــەو لــە جیاتــی ئــەوەی خــۆی سانســۆر بــکات، خــۆی بخواتــەوە، دێــت قســە لەبــارەی حەرامکراوەکانــەوە دەکات. هــەم پیاوانــی سیاســی و هــەم پیاوانــی ئایینــی بــە بۆچوونەکانــی کێــچ دەکەوێتــە کەوڵیانــەوە. چەمکــی (ئیــرادەی ئــازاد) کــە نووســەری ئیسرائیلــی «یووڤــاڵ نــوح هــەراری» ئامــاژەی بــۆ دەکات، چەمکێکــە، ئەفســانەیەکە لــە لایــەن تیۆلۆجــی مەســیحییەوە ماوەتــەوە و هیــچ بنەمایەکــی زانســتی نییــە، چونکــە ڕۆحــی ئێمــە ئیرادەیەکــی ئــازادی هەیــە، کــە بــەدەرە لــە هەمــوو کۆتوبەندێکــی فیزیکــی و بایۆلــۆژی. «هــەراری» لــە وتــاری (ئەفســانەی ئــازادی) دەڵێــت: ((ئــەم ئەفســانەیە زۆر بــە کەمــی لەگــەڵ ئــەو شــتانە تێکدەکاتــەوە کــە ئەمــڕۆ زانســت لەبــارەی مرۆڤــی هۆشــمەند (Homo Sapiens) و ئاژەڵانــی دی پێماندەڵێــت. بــە دڵنیاییــەوە مــرۆڤ ئیــرادەی هەیــە-بــەڵام ئــازاد نییــە. مــرۆڤ ناتوانــێ بڕیــار بــدات چ حەزێکــی هەبێــت. کەسـێکی کۆمەڵایەتـی بێـت یـان دوورەپەرێـز، ژیـان ئاسـان بگرێـت یـان نیگـەران بێـت، هاوڕەگەزخـواز بێـت یـان مەیلـی ڕەگـەزی بەرامبـەر بـکات. مـرۆڤ بڕیـار دەدات، بـەڵام هەرگیــز بڕیارەکانــی ســەربەخۆ نیــن. هــەر بڕیارێــک پشــت بــە چەنــدان هەلومەرجــی بایۆلــۆژی، کۆمەڵایەتــی و تایبەتــی دەبەســتێت کــە مــرۆڤ دەســتی تێیانــدا نییــە. مــن دەتوانــم بڕیــار بــدەم چ بخــۆم، ببمــە هاوژینــی کــێ و دەنــگ بــە کــێ بــدەم، بــەڵام بەشــێک لــە پاڵنــەری ئــەم بڕیارانــە جینــەکان، بایۆکیمیایـی، ڕەگـەز، پێشـینەی خێـزان و کولتـووری نەتەوەیـی و چەنــدان شــتی دیکــەن. خــۆ مــن جینــەکان و خێزانــی خــۆم هەڵنەبــژاردوون.)) [هــەراری: ٢٠٢٠: ماڵپــەڕی ژنەفــتن] ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێر، بـاوەڕی بـەم جـۆرە لـە ئـازادی نییـە، چونکــە هــەم دەســەڵات و هــەم پیاوانــی ئایینــی ئــەم چەمکــە بەکاردەهێنــن بــۆ مانــەوەی خۆیــان. لێــرەدا مــرۆڤ هیــچ ئازادییەکــی بڕیاردانــی نییــە، بەڵکــوو ئــەوەی هەیــە بــۆی دانــراوە و دەبێــت پێــڕەوی بــکات.

ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێر «خانـی» لـە کتێبەکەیـدا لەبـارەی دوو بڤــە و حەرامــەوە دەپەیڤێــت و بۆچوونــی خــۆی دەردەبڕێـت. یەکێکیـان چەنـد بابەتێکـی ئایینـی هەیـە، ئـەو بـە ڕاشـکاوانە بیـروڕای خـۆی لەبارەیانـەوە دەنووسـێت. ((هەرچـی قسـەکانیەتی سـەبارەت بـە میعـراج، ئـەوا خانـی داوای لـە پێغەمبەرمـان کـردووە گلەیـی لـە پـەروەردگار بـکات!! تۆبـە خودایـە، کـەس هەیـە گلەیـی لـە یەزدانـی مـەزن بـکات!)) [جـان دۆسـت: ٢٠١٣: ١٠٤] ئاشـکرایە قسـەکردن و ڕەخنەگرتـن لەبـارەی ئایینـەوە لـە وڵاتێکـی وەکـوو وڵاتـی کـوردان جێـی قبوڵکـردن نییـە، چونکـە هـەم خەڵکەکـەی زۆر ئایینـدارن و هەمیــش دەســەڵاتیش بــەو هۆیــەوە دەیــەوێ هەســت و ســۆزی خەڵــک بقۆزێتــەوە و دەنگــە نەیارەکانــی خــۆی لــەو ڕێیــەوە کــپ بــکات. قســەکردن لەبــارەی ئایینــەوە یەکێکــە لــە حەرامــکاراوەکان، ئــەو نایەوێــت وەکــوو مرۆڤێــک، کــە ئەرکـی پرسـیارکردنە لەبـارەی هەمـوو شـتێک مافەکـەی خـۆی ژێــر پــی بخــات. ئاشــکرایە لەنــاو کۆمەڵــدا چەنــد پیرۆزییــەک هــەن، نابێــت قســەیان لەبــارەوە بکرێــت. یەکیــان پیــرۆزی ئایینییــە. لــە پشــت ئــەو پیرۆزییــەوە گرووپێکــی کۆمەڵایەتــی

هـەن، بـۆ نموونـە پیاوانـی ئایـن. پیاوانـی ئایینـی لەسـەر ڕاسـپاردەی میـر دەچنـە حوجـرەی «خانـی»، بـەڵام ئـەو بـە بەڵگـە و ئارگیومێنتـی عەقڵانـی بەرسـڤیان دەداتـەوە. ئـەوان، واتـە نەیارانـی «خانـی» بـەردەوام دیدێکیـان بـۆ حەقیقـەت هەیـە، کـە شـکاندنی ئـەم حەقیقەتـە حەرامـە. واتـە سانسـۆری ئایینـی قبوڵـی ئـەوە نـاکات قسـە لەبـارەی ئاییـن و ئایـەت و فەرمـوودەوە بکرێـت، تەنـێ لـە چوارچێـوەی ئاییـن نەبێـت. ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێر دەیەوێـت ئـەوە بسـەلمێنێت بیرکردنـەوە ئەرکـی سـەرەکی مرۆڤـە، مـرۆڤ ماهیـەت و گەوهـەر و بوونـی خـۆی لـە بیرکردنـەوەدا دەبینێتـەوە. کاتێکیـش ئاییـن دێـت بیرکردنـەوەی مـرۆڤ دەکوژێـت، ئـەوا ئـازادی بیرکردنـەوەی لـێ دەسـێنێتەوە، کەسـانی دیکـە لـە جیاتـی ئـەو بیردەکەنـەوە و بڕیـار دەدەن. «خانـی» لـەو ڕێیـەوە دەیەوێـت وەزیفەیەکـی دیکـە بـە ئاییـن ببەخشـێت، ئەویـش بوونیەتـی وەک بەشـێک لـە پرۆسێسـەی تازەبوونـەوەی کۆمەڵایەتـی. بـەم هۆیـەوە ڕۆشـنبیرە دەسـتەبژێرەکەمان دەکەوێتـە بـەر لەعنەتـی پیاوانـی ئایینـی، بـۆ نموونـە لـە لایـەن: مـەلا قـارس، میـرزا سـەبری و مـەلا فەریـدەوە. هێندێـک لـەو مەلایانـە لـە هەوڵـی ئـەوەدان خۆیـان لـە کـن میـر خۆشەویسـت بکـەن، ئەویـش لەسـەر حیسـابی «خانـی». دەبینیـن لێـرەدا ئاییـن وەکـوو دەزگەیەکـی ڕەسـمی بوونـی هەیـە و کاریگـەری لەسـەر بڕیارەکانـی میـر هەیـە. «خانـی» دژ بـە خوێندنـەوەی بـاو بـوو بـۆ ئاییـن، ئـەو دەیەویسـت سـەرەتا لەنـاو ئایینـەوە، کـە زۆربـەی خەڵکـی باوەڕیـان پێـی بـوو، ئـازادی بـەدی بهێنێـت. دواتـر ئـەو بـە سـوکایەتیکردن بـە پیرۆزییەکانـی ئاییـن تاوانبـار دەکرێـت. ئـەم چارەنووسـەی «خانـی» هەمـان چارەنووسـی «سـپینۆزا» لـە ئایینـی مەسـیحی و «ئیـب ڕوشـد» لـە ئایینـی ئیسـلامە. ئـەم دووانـە هـەر یەکەیـان لەنـاو ئایینەکـەی خۆیانـدا ویسـتیان پرۆسێسـەی بیرکردنـەوەی نـوێ و تـازەی خۆیـان بکـەن. ئەگـەر بـە سـەرێک ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێر بیەوێـت زەمینـەی ئـازادی بیرکردنـەوە بڕەخسـێنێت، لـە سـەرێکی دیکـەوە دەیەوێـت ئاییـن نـوێ بکاتـەوە.

بڤـەی دووەم، کـە «خانـی» لـە کتێبەکەیـدا قسـەی لەبـارەوە دەکات، پێگـە و پیـرۆزی دەسـەڵاتی میـرە. دەسـەڵات هەمیشـە وەکـوو پیـرۆزی خـۆی نیشـان دەدات. میـر و پاشـا و سـەرۆکحزبەکان وەکـوو لووتکـەی ئـەو پیرۆزییـە تەماشـا دەکرێـن. هـەر قسـەکردنێکی نەشـیاو، یـان ڕەخنەکردنـی ئـەو پیرۆزیانـە بڤەیـە و قەدەغەیـە. دەسـەڵات و میـر نایانـەوێ کـەس جیـاواز بێـت، دەیانەوێـت هەمـووان وەک ئـەو بیربکەنـەوە، چونکـە ئـەو لـە جیاتـی هەمـووان بیردەکەنـەوە. بـەم هۆیەیـش میـر دەیەوێـت جیـاوازی نەهێڵێـت. ((کەچـی لـە کتێبەکەیـدا میـرزا بەگـی میـری پێشـوومانی شووشـتبووەوە و لەبارەیـەوە گوتبـووی: ئەوێـک زانسـت و ئەدەبـی لا نەپەسـەندە

بە ئەسڵ و نەسەبی خۆی وی ڕەوەندە

وای لـەم جـەور و ناهەقییـە!! ئـەرێ خەڵکینـە میـرزا بـەگ کـەی ڕەوەنـد بـوو؟ ئاخـر چـۆن قەلەمەکـەی گـەڕا و ئـەم درۆ بـێ بنەمایـەی بـۆ هەڵبەسـت.)) [جـان دۆسـت: ٢٠١٣: ١٠٩] لـە لایەکـی دیکـەوە «خانـی» لـە خوتبەکانیـدا ناوهێنـان و ستایشـی میـر تـەرک دەکات، ئەمەیـش دەبێتـە جێـی نیگەرانـی میـر و دارودەسـتەکەی، چونکـە «خانـی» لـەو پیرۆزییـە دەدات، کـە بەسـەر خەڵکـدا سـەپێندراوە. ((کارەکـە هـەر بەمەنـدەوە نەوەسـتا، بەڵکـو ئەوەتـا شـەش حـەوت مانگـە نـە نـاوی میـر و نەیـش نـاوی سـوڵتانی مـەزن لـە گوتارەکانـی ڕۆژی هەینیـدا دێنێـت، خەریکـە لـە مینبەرەکانـەوە ئـاوەزی خەڵکـە سـادەکە تێـک دەدا و ئاگـری دوژمانیەتیـی نێـوان ئێمـە و بـرا تورکەکانمـان خـۆش دەکات.)) [جـان دۆسـت: ٢٠١٣: ١١٠] ئەمـە ئەنجامـی بیرکردنـەوە و تێڕوانینـە لـە قەدەغکـراوەکان، گەڕانـە بـە دوای ڕاسـتییەکان. ئەمەیـش هەوڵێکـە بـۆ ئـازادی ڕادەبڕیـن، چونکـە «خانـی» هـەر قسـەیەکی بەرانبـەر میـر کردبێـت لـە ئەنجامـی بیرکردنـەوە و تێڕامـان بـووە، پشتئەسـتوور بـووە بـە ئارگومێنـت: ((نـە فەرمـوودە و نەیـش ئایەتەکانـی قورئانـی پیـرۆز بانگەشـەی شـتی وا دەکـەن. دوعاکردنیـش بـۆ خەلیفـە لـە پایەکانـی گوتـاردا نییـە. کـێ لـە ڕۆژگاری خولەفـای ڕاشـدیندا، ئەبوبەکـر و عومـەر و عوسـمان و عەلـی دوعـای بـۆ خەلیفـە دەکـرد؟ هـەر بـە خۆیـان وتاربێـژی سـەر مینبـەرەکان نەبـوون؟)) [جـان دۆسـت: ٢٠١٣: ١١٧]

ڕۆشـنبیریی دەسـتەبژێر دەیـەوێ ئـەو مۆدێلـە بهێنێتـە

کایــەوە، کــە جیــاوازی و دەنگــی جیــاواز گــۆڕان دروســت دەکات. هــاوکات جیــاوازی دەتوانێــت درز بخاتــە هەمــوو دەســەڵاتێکی تۆتالیتــاری. ئــەو دنیایــەی «خانــی» و خەڵکانــی دیکــە تێیــدا ژیــاون، دنیایەکــە یــەک کــەس دەســەڵاتی تــەواوی هەیــە، قســە و بیرکردنــەوەی ئــەو کەســە پیــرۆزە. بــۆ نموونــە ســوڵتان، دوای ئەویــش میــر مافــی هەمــوو شــتێکیان بەســەر خەڵکــەوە هەیــە. ئــەوان مافــی ئەوەیــان هەیــە بــە خەڵــک بڵێــن چــۆن بژیــن، چــی بڵێــن و چــۆن هەڵســوکەوت بکــەن. میــر هەرگیــز هەڵــە نــاکات، ناوەکــەی پیــرۆزە، دەبــی لەســەر زاران بێــت، ئــەوان چیــان گــوت وەک حەقیقــەت وایــە. لــەم بارودۆخــەودا دەســەڵات و میــر دوو دوژمنیــان هەیــە. یەکیــان جیــاوازی و دووەمیــان ســەربەخۆیی لــە بیرکردنــەوەدا. واتــە دەســەڵات هــەر کاتێــک دەبینــێ کەســێک جیــاوازە لــەوان، ســەربەخۆ و جیــاوان بیردەکەنــەوە، ئــەوا بــە مەترســییەکی گــەورەی دەبینــن بــۆ ســەر پێگــەی دەســەڵاتیان. «خانــی» کەســێکە خــاوەن شــوناس و تایبەتمەندێتــی بیرکردنــەوەی خۆیەتــی، دەیــەوێ واقیعێکــی ســەربەخۆ لــە دەرەوەی واقیعــی دەســەڵات دروســت بــکات.

ئــەم جیاوازیبــوون و ســەربەخۆییبوونە پرســیارە لــە گەوهــەری دەســەڵات، پرســیارە لــە میکانیزمەکانــی دەســەڵات. ئــەم پرســیارانە لــە بایزیــد کەســی دیکــە بــە مێشــکیدا نەهاتــووە. هــاوکات کەســیش جیهانبینییەکــی وەهــای نەبــووە بیــر لــەوە بکاتــەوە. فۆرمــی ئــەم مۆدێلــەی دەســەڵات لەســەر بنەمــای ســزا کار دەکات. هــەر کەســێک بیرکردنــەوەی ئازادانــەی هەبێــت، یــان جیــاواز لــە دەســەڵات بیربکاتــەوە، ئــەوا ســزا دەدرێــت. بــەڵام «خانــی» وەکــوو ڕۆشــنبیرێکی دەســتەبژێر ئــازادی ڕادەربڕیــن وەکــوو وەکــوو یەکێــک لــە پایەکانــی ئازادییــە کەســییەکانی دەبینێــت و پرۆسێســی دەکات. ئــەم ئازادییــە نــاکات ئامرازێــک بــۆ مەرامــی ئابــووری و کۆمەڵایەتــی. ئــەو دەیەوێــت بــە هــۆی دەربڕینــی ئــازادەوە شــکۆ و پێگــەی کۆمەڵایەتــی خــۆی بســەلمێنێت، بوونــی خــۆی بســەلمێنێت. ئــەو نایەوێــت دەســتدرێژی بکرێتــە ســەر ئازادییــە کەســییەکانی، بۆیەیــش بۆچوونەکانــی لــە کتێبەکەیــدا ئامــاژە پــێ دەکات. بێگومــان ئەمەیــش بــێ ســزا نابێــت، «خانی»یــش لــەم ســزایە بــەدەر نابێــت و ژەهرخــوارد دەکرێــت.

سێیەم: ڕۆشنبیریی دەستەبژێر و عەقڵانییەت

عەقڵانییــەت بریتییــە لــە ســەربەخۆبوونی عەقــڵ لــە درککــردن و هەســتکردن بــە شــتەکان بەبــێ ئــەوەی بگەڕێتــەوە بــۆ هێزێکــی باڵاتــر لــە دەرەوەی خــۆی. واتــە ســەربەخۆیی لــە بڕیــاردان و بیرکردنــەوە. ئەمەیــش هەوڵێکــە بــۆ ڕزگاربــوون لــە دەســەڵاتی ئایینــی و لاهوتــی. بــە درێژایــی مێــژوو عەقڵێکــی میتافیزیکی بەســەر ژیانی مرۆڤدا بــاڵا بــووە، لــە جیاتــی مــرۆڤ بیرکردۆتــەوە، بڕیــاری داوە. ئــەم چەمکــە لــە لایەن: کانــت، هیگڵ و ئەندامانــی قوتابخانــەی فرانکفــۆرت بــە تایبــەت هۆرکهایمــەر و ئادۆرنــۆوە کەوتــە بــەر ڕەخنــە. دواتــر ڕێچکەیــەک لــە مێــژووی فەلســەفە دروســت دەبێــت و نــاوی دەنرێــت عەقڵانییــەت.. بــە گوێــرەی ئــەو ئاراســتەیە ((شــیاوە تەنیــا بــە هــۆی بەکارهێنانــی عەقڵــەوە، داوەری لەبــارەی واقیعــەوە بکرێــت. ئەمــەش لەبــەر ئــەو بــڕوا و متمانــە پتــەوەی پەیڕەوکارانی ئــەم ڕەوتە فەلســەفییە بــە ژێــر و عەقــڵ لــە توانــای دایــە بــۆ ناســین و درککردنــی واقیــع هەیانــە.)) [سیوەیلی: ٢٠٠٩: ٣٧] ئــەم چەمکــە پێداگــری لەســەر هێــزی عەقــڵ دەکاتــەوە، بەرپەرچــی هــەر خوێندنــەوە و تێڕوانینێکــی دەرەوەی عەقــڵ و میتافیزیکیانــە بــۆ واقیــع دەکات. واتــە بــۆ خوێندنــەوەی ژیــان و گــەردوون، بــە دەســتهێنانی زانســت، مەعریفــە ڕۆڵــی ســەرەکی دەدەنــە عەقــڵ، واتــە عەقــڵ دەکەنــە پێــوەری درککــردن بــە واقیــع. لــە ســەدەی حەڤــدەوە بــە هــۆی شۆڕشــی زانســتییەوە عەقڵبــاوەڕی پــەرە دەســێنێت و لــە ڕێــی عەقڵــەوە زانســتەکان دەدۆزرێنــەوە. مــرۆڤ بوونێکــە دەتوانێــت لــە ڕێــی بیرکردنــەوەوە هەمــوو کێشــەکانی خــۆی بــە شــێوەیەکی عەقڵانیانــە چارەســەر بــکات، لەســەر شــت و بابەتــە زۆر ئاڵــۆزەکان قســە بــکات. چیــتر مــرۆڤ نایــەوێ لــە ڕێــی میتافیزیــک و هێزەکانــی دەرەوەی خــۆی بــە شــتەکان بــگات.

عەقڵانییــەت لــە مێــژووی هــزری ئەورووپیــدا وەکــوو فاکتەریکــی ســەرەکی ســەردەمی ڕۆشــنگەری هەژمــار دەکرێــت. لــەم ڕۆمانــەدا «خانــی» وەکــوو کەسێکی ڕووناکبیــر و عەقلانــی تێزەکانــی خــۆی لــە مــەم و زینــدا بــڵاو دەکاتــەوە. لــە هــەردوو تــەوەرەی پێشــتردا باســی دژوەســتانەوەی ڕۆشــنبیرە دەســتەبژێرەکەمان بەرانبــەر دەســەڵات و بەرگریکــردن لــە ئازادییەکانــی خــۆی کــرد. ئەمانــە دەبنــە ســەرەتایەک بــۆ ڕۆشــنکردنەوەی بیــری خەڵــک و ئەمەیــش مەترســییە بــۆ

سەر دەسەڵات و بیری میتافیزیکی پیاوانی ئایینی. تێز و بیرکردنەوەی «خانی» بزووتنەوەیەکی ڕووناکبیری بوو لەو سەردەم، جوڵانەوەیەکی هزری و عەقڵانی بوو، دەتوانین بە ڕێنسانسی ئەو کات هەژماری بکەین.

یەکێک لەو بابەتە عەقڵانیانە، باوەڕبوونە بە زانست. ئاشکرایە لە کۆمەڵێکی ئایینی و لاهوتیدا، زانست ئەوەندە بایەخی نییە، بەڵکوو باوەڕ میتافیزیکییەکان جێی زانست دەگرێتەوە. لەم ڕۆمانەدا دوو کارەکتەرمان هەن. یەکیان «شێخ سەیفەدینی جبەشین»ە، کە نوێنەری باوەڕ و دنیای ئایین و میتافیزیکە، ئەویتریان «فەلەی حەکیم»ە، کە نوێنەری زانست و چارەسەری پزیشکییە. «شێخی جبەشین» خاوەن موریدە، هیچ کتێبێکی نەخوێندۆتەوە، بەڵکوو شێخایەتییەکی بە بەهرەیەکی خودایی دادەنێت. واتە خودا ئەوی دەستنیشان کردووە بۆ شێخایەتی. چارەسەرییەکانی ئەو چارەسەری دەرەوەی زانست و عەقڵن، بەڵکوو وەکوو پیاوانی ئایینی پەنا بۆ دوعا و چارەسەرە خورافیاتەکان دەبات. ((کاتێک دەیانبینی ئەوانی نەساغ بوون شیفا و چارەیان لەسەر دەستی من دەبینی، شێتان ئاقڵ دەبوون و ئەوانی تادار بوون چاک دەبوونەوە. تفم دەکردە چاوی گلکردووانەوە دەمودەست ئێشیان نەدەما. ئەو موریدانەی بەرماوەی ئاوی دەستنوێژی منیان دەنۆشی، هەرگیز تووشی ئازاری گران نەدەهاتن.)) [جان دۆست: ٢٠١٣: ١٧٨] ئەم چارەسەرە ئایینیانە لەناو کۆمەڵێکی وەکوو کۆمەڵی کوردی بە هەڕمێنە، ئەمەیش بۆ نائامادەیی عەقڵ و زانست و مەعریفە دەگەڕێتەوە. کاتێک ئەمە ڕوودەدا، کە ئایین و باوەڕی لاهوتی باڵی بەسەر هزر و بیرکردنەوەی خەڵکیدا کێشابێت. لێرەدا ئایین جۆرێک لە دڵنیایی و تەناهی بە خەڵک دەبەخشێت و وەڵامی سەرجەم پرسیارەکانیان دەداتەوە. بۆیەیش سەرمایەی ئەمانە نەزانیی خەڵکە، چەندە خەڵک نەزان بێت و باوەڕێ میتافیزیکی بەهێز بێت ڕەواجیان پترە، چەندە خەڵک هوشیار بێت و ئاستی مەعریفی بەرزبێتەوە، بازاڕیان لە کزی دەدات. لە بەرانبەردا «فەلەی حەکیم»مان هەیە، پاڵپشت بە کتێب و زانست کاری پزیشکی دەکات. واتە لەسەر بنەمای زانست چارەسەری نەخۆشان دەکات. ((لەژێر دەستی چەندان حەکیمی زیرەکدا خوێندم و چارەسەی گەلێک نەخۆشانم کرد. لەژێر دەستی مندا زۆرێک لە خەلات و پەریڤان و ئەرجیش و ئەلازگرد و قارس، تا وان و دیاربەکر دەرمانسازییان تەواوکرد و کاری نۆژدارییان کرد.)) [جان دۆست: ٢٠١٣: ١٨٧]

ململانێی نێوان ئایین و زانست مێژوویەکی درێژی هەیە. مێتۆدی زانست بریتییە لە گریمانە و تاقیکردنەوە و گومان و ساغکردنەوە. واتە بە گوێرەی تاقیکردنەوە و ئەزموون ئەو شتە دەسەلمێندرێت. زمانی زانست بریتییە لە زمانی ڕێژە و لۆجیک، نەک زمانی ڕەوانبێژی و شیکردنەوە، واتە شتەکان لە زانستدا دەسەلمێندرێن. «فەلەی حەکیم» لە ڕێی خوێندن و تاقیکردنەوە دەرمانەکانی دادەنێت، لە تاقیگە شتەکانی دەسەلمێنێت. بەڵام کارەکانی «شێخی جبەشین» سەرچاوەکەی دەرەوەی مرۆڤە، بۆیەیش بەردەوام پروپاگەندەی ئەوە دەکات، ئەوەی موسڵمان نابێت بۆ چارەسەری بچێتە لای گاوران.

«خانی» بە هۆی ئەوەی خاوەن بیرکردنەوە تێڕوانینێکی واقیعیانە و لۆجیکیانەیە، ئەم ململانێیەی نێوان زانست و ئایین بە شێوەیەکی عەقڵانیانە یەکلایی دەکاتەوە. هەردوو بەرە دەچن بۆ چارەسەری ژەهرخواردنەکەی «خانی»، بەڵام ڕۆشنبیرە دەستەبژێرەکەمان چارەسەرە میتافیزییەکە ڕەتدەکاتەوە. ((ویستم چەند ئایەتێک لەسەر جامیلکە ئاوێک بخوێنم و بیدەمێ تا بیخواتەوە، لێ قبووڵی نەکرد و گوتی: نا نا!! حەوجەم بە شتی وا نییە!

سەیرم هاتێ! زانایەکی وەک ئەو ڕەتی دەکاتەوە ئایەتی قورئانی پیرۆز ببێتە دەرمانی دەردەکەی.)) [جان دۆست: ٢٠١٣: ١٨٠] بە هۆی ئەوەی «خانی» لە «شێخی جبەشین» شارەزاترە لە ئایین، دەزانێت ئەوەی ئەو دەیکات جگە لە خورافیاتێک چی دیکە نییە، بۆیەیش ڕێ بە «فەلەی حەکیم» دەدات چارەسەری بکات و دەرمانی بۆ بگرێتەوە، چونکە دەزانێت لەسەر بنەمای زانست ئەو دەرمانانە دەگرێتەوە. دواجار چارەسەرە میتافیزیکییەکە جێ بۆ زانست چۆڵ دەکات، چونکە تەنێ شتی گشتی دەڵێت، گوایە «خانی» سەرمای بووە. هەرچی شتێک «فەلەی حەکیم» دەیڵێت بنەمایەکی زانستیانەیان هەیە. «خانی» بە هۆی ئەوەی خاوەنی خودێکی عەقڵانییە و هەڵگری حەقیقەتێکە دەربارەی ژیان و بوون و مردنی خۆی. هەر ئەمەیشە بەرەو ئارامی

دەروونــی و ســەقامگیری ویژدانــی و هــزری بــردووە. هەمــوو ئەمانــە وایکــردووە بــە ئاســانی ملکەچــی بــاوەڕ و چارەســەرە ناعەقڵانییەکانــی جبەشــین نەبێــت. دوا جــار «فەلــەی حەکیــم» لــە ڕێــی زانســتەوە ئــەوە دەســەلمێنێت، کــە «خانــی» ژەهرخــوارد کــراوە و ئەوەیــش دەســەلمێنێت جــۆری ژەهرەکــە چۆنــە و چ کاریگەرییەکــی لــە جەســتەی «خانــی» کــردووە. بۆیەیــش دوا بڕیــار دەدات، کــە «خانــی» دەمرێــت و بــا وەســیەتی خــۆی بــکات. لــەو کاتــەدا چــرای ژوورەکــەی «خانــی» لەگــەڵ هاتنــی بایــەک دەکوژێتــەوە، ئەمەیــش نیشــانەی مردنــی ئــەو ڕۆشــنبیرە دەســتەبژێرەمانە.

ئەنجامەکان

١. لــەم ڕۆمانــەدا ئەوەمــان بــۆ بەدیــار دەکەوێــت، خانــی وەک ڕۆشــنبیرێکی دەســتەبژێر وەک مەترسییەک بۆ ســەر دەســەڵات ســەیری کــراوە. کەواتــە ڕۆشــنبیرانی دەســتەبژێر وەک مەترســی لــە لایــەن ڕژێمــە دیکتاتــۆرەکان ســەیر دەکرێــن.

٢. بــە بــاوەڕی ئێمــە ڕەهەندییــەکان لــە مێــژووی ڕۆشــنبیری کوردیــدا بــە ڕۆشــنبیرانی دەســتەبژێر هەژمــار دەکرێــن، بــە هــۆی ئــەوەی ســەر بــە هیــچ گــرووپ و ئایدیۆلۆجیایــەک نەبــوون، هــەر یەکەیــان بــە شــێواز و مێتــۆدی جیــاواز و لەبــەر ڕۆشــنایی تیــژە فیکــری و فەلســەفییەکان لــە کــۆی ڕەهەندەکانــی کۆمەڵــی کوردییــان دەکۆڵیــەوە.

٣. ڕۆشــنبیرانی دەســتەبژێر هەمــوو کات لەگــەڵ دەســەڵات لــە ململانێــدان. «خانــی» وەکــوو ڕۆشــنبیرێکی دەســتەبژێر دژ بــە دەســەڵات و پیــرۆزی میــر و ســوڵتان دەوەســتێتەوە و نایــەوێ ببێتــە کۆیلــەی دەســەڵات.

٤. ئــازادی بنەمایەکــی ســەرەکییە و ڕۆشــنبیریی دەســتەبژێر بەرگــری لــێ دەکات. «خانــی» ئازادییەکانــی خــۆی بەتایبــەت ئــازادی بیرکردنــەوە بــە هیــچ شــتێک ناگۆڕێتــەوە و نایــەوێ کۆنتــڕۆڵ بکرێــت.

٥. ئــەم ڕۆمانــە ئەوەمــان بــۆ دەســەلمێنێت دەســەڵاتی کوردی لــە کۆنەوە تاکــوو ئێســتا کێشــەی لەگــەڵ عەقــڵ و مەعریفــە هەیــە، هەمیشــە ئــەم دووە بــە مەترســی بــۆ ســەر پێگــەی خــۆی دەزانێــت.


سەرچاوەکان

کتێبی کوردی

١. ئەحمــەد، ســەروەر حەمــە (٢٠١٣)، ڕۆشــنبیریی سیاســی، دەزگای موکریانــی، هەولێــر.

٢. جــان دۆســت (٢٠١٣)، میرنامــە، ڕۆمــان، ناوەنــدی ڕۆشــنبیریی و هونەریــی ئەندێشــە، ســلێمانی.

٣. سیوەیلی، ڕێبــوار(٢٠٠٩)، دیکارت و عەقڵانییــەت، پرۆژەی هاوبەشی دەزگای موکریانی و بەشی فەلسەفە، هەولێر.

٤. قانیــع، مەریــوان وریــا (٢٠٠٤)، بەختــەوەری و بێدەنگــی، چــاپ و ئۆفیســی دەزگای ســەردەم، ســلێمانی.

ماڵپەڕی ئینتەرنێت

٥. ئەحمــەد، ئەنــوەر موحەمــەد (٢٠٠٥)، ڕۆشــنبیر، ڕۆشــنبیری، ڕۆشــنبیر کێیــە؟ پێگــەی کوردســتان نێت.

٦. جەمــال، نــەوزاد (٢٠١١)، ئــازادی و بەرپرســیارێت لەدیــدی ‹هێربــرت مارکــۆز›ەدا، ســایتی https://kissr.academia.edu/NawzadJamal

٧. قانیــع، مەریــوان وریــا (٢٠٢١) دەربــارەی نێوەنــدی ڕەهەنــد و گۆڤاری ڕەهەند، ماڵپەڕی ژنەفــتن، https://jineftin.krd/٢٠٢١

٨. عەلــی، بەختیــار (٢٠٢١) تێکــدەری یــاری، ســایتی نــەورۆز، https://www.newroz.com/so/politics/tykhdaery-yrybhkhtyr-hly

٩. هــەردی، ڕێبیــن (٢٠٢١)، دەربــارەی نێوەنــدی ڕەهەنــد و گۆڤــاری ڕەهەنــد، ماڵپــەڕی ژنەفــتن، https://jineftin.krd/٢٠٢١

١٠. هــەراری، یووڤــال نــوح (٢٠٢٠)، ئەفســانەی ئــازادی، وەرگێڕانــی: هیــوا قۆچاڵــی: https://jineftin.krd/٢٠٢٠

کتێبی عەرەبی

١١. البیطــار، ندیــم(١٩٨٧)، المثقفــون والثــوره، منشــورات المجلــس القومــی للثقافــه العربیــه.

١٢. الخلیــل، د.ســمیر(٢٠١٦) دلیــل مصطلحــات الدراســات الثقافیــة والنقــد الثقــافي، دار الكتــاب العلمیــه، بیــروت.

١٣. الشــیخ، محمــد (١٩٩١)، المثقــف والســلطه (دراســه فــی الفكــر الفلســفی الفرنســی المعــاصر)، دار الطلیعــه، بیــروت.

ماڵپەڕی ئینتەرنێت بە عەرەبی

١٤. خطــاب، محمــد (٢٠٢٠)، مــا هــی الانتلجنســیا؟، شــبكه ابونــواف: https://abunawaf.com/٢٥٠١٢٠

**الملخص**

وصلـت الروايـة الكورديـة الى مسـتوى لا بـأس بهـا في تصويـر همـوم و معانـاة الفـرد الكـوردي، ويـدل هـذا عـلى ارتبـاط الروايـة بحيـاة و معانـاة الفـرد الكـوردي بأبعادهـا المختلفـة (الاجتماعيـة و التاريخيـة و السياسـية و الثقافيـة). ولا يمكـن للمثقـف أن ينـأى بنفسـه عـن المجتمـع كونـه أحـد أفـراده. هنـا ومـن خـلال بحثنـا هـذا، نبحـث في الاجابـة عـن أسـئلة مثـل: مـا هـو دور المثقـف النخبـوي في المجتمـع؟ هـل المجتمـع بحاجـة الى مثقفـين عاديـين ام مثقفـين نخبويـين؟ روايـة ميرنامـة تتحـدث بشـكل جـلي عـن دور المثقـف النخبـوي، وتبـين أبعادهـا و خطاباتهـا.

يتكـون البحـث مـن فصلـين. الفصـل الأول فصـل نظـري، يحـاول البحـث تسـليط الضـوء عـلى مفهـوم الفكـر الكـوردي و المثقـف النخبـوي. والفصـل الثـاني وهـو فصـل إجـرائي، يحـاول البحـث مستشـهدا بنـماذج وافيـة في الروايـة موضـوع الدراسـة، دراسـة مفاهيـم السـلطة و الحريـة و العقلانيـة، بالأضافـة الى العلاقـات الفكريـة للمثقفـين النخبويـين مـع تلـك المفاهيـم. وفي الختـام عرضنـا أهـم النتائـج التـي توصـل اليهـا البحـث. تليهـا قائمـة بأسـماء مصـادر البحـث.



## Abstract

The Kurdish novel has reached a good level to depict the sorrows and problems of Kurdish individuals, and this is evidence of the novel's relationship with the lives and problems of Kurdish individuals in different dimensions (social, historical, political and cultural). Intellectuals, as individuals in the community, cannot separate themselves from the community. From here through this research, we want to answer questions like: What is the role of intellectuals in society? Does the community need a normal intellectuals or Intelligentsia? The novel "Mirnama" works clearly on the role of Intelligentsia, showing its dimensions and discourses. This research consists of two parts. The first part is a theoretical part and an attempt to research the concept of Kurdish intellectual and Intelligentsia. The second part is a practical part, a study of the concepts of power, freedom, rationality, and intellectual Intelligentsia relations with these concepts. Finally, we determined the results of our research at several points, with the list of references set according to the Harvard system.